**گۆڤارێكی وەرزیی ئەدەبی و هونەرییە**

**زانا خەلیل و باهۆز مستەفا دەریدەكەن.**

**ژمارە_1_**

**هاوینی 2021**

_گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی و هونەرییە.

_زانا خەلیل و باهۆز مستەفا دەریدەکەن.

_ژمارە (یەك) هاوینی 2021

دیزاینی بەرگ: دەراو خەلیل

دیزاینی ناوەوە: زانا خەلیل

_تابلۆی بەرگی دواوە: قەرەنی جەمیل

_تیراژ: 500

_چاپخانە: چوارچرا

# بۆ ئەو ژمارەیە:

## بەڕێوەبەرانی گۆڤار


1_زانا خەلیل..........................................8

2_باهۆو مستەفا....................................31


### بەشداربووانی ئەو ژمارەیە:


1_هۆشەنگ شێخ محەمەد............................25

2_قوبادی جەلیزادە.................................67

3_قەرەنی جەمیل.................................. 81

4_بێکەس حەمە قادر..............................102

5_کەژاڵ ئەحمەد..................................114

# پێشەکی

**ئەو لاپەڕەیە ئاودیوکە،**


# کەس پێشەکی ناخوێنێـتەوە..

**سەرنجێك:**

**بیرۆكەی گۆڤار:**

**نووسەرانی سەرەكی ئەو گۆڤارە كە "باهۆز مستەفا و زانا خەلیل"ن، هەر سێ مانگ جارێك یەكاو چەند لاپەرەیەك لە بەرهەمەكانیان لێردا بلاۆدەكەنەوە و لە پاڵ ئەوەشدا چەند لاپەڕەیەك بۆ هەریەك لە 5 نووسەری جیا تەرخان دەكەن كە تێیدا بە ڕەهایی ئازادن چی لە لاپەڕكانیان بلاۆدەكەنەوە بەو مەرجەی نووسینەكانیان لە چوارچێوەی ئەدەبیات و هونەر دابێ.. بێگومان لە هەر ژمارەیەكدا 5 نووسەری جیا لە نووسەرانی ژمارەی پێشوو دەستنیشان دەكرێن.**

**بەڕێوەبەرانی گۆڤار**



# زانا خەلیل

## من و گارسۆنێک

ڕێستوڕانتێک هەبوو، جار جار شەوان
لەگەڵ ژنەکەم دەچووین
جار جاریش شەوان
لەگەڵ خۆشەویستەکەم.

ئەو گارسۆنەی کە مەشرووب و
خواردنی بۆ دەهێناین
هەر کە تەماشای بکردبام، بزەیەکی دەکرد.

جارێک لێم پرسی: تۆ بۆچی هەر جارێ
کە تەماشام دەکەیت بزە دەکەیت؟

گوتی: چونکە منیش ڕێک وەک تۆ
کە لێرە پشوومبێ
ڕێستوڕانتێک هەیە جار جار شەوان
لەگەڵ ژنەکەم دەچم و
جار جاریش شەوان
لەگەڵ خۆشەیستەکەم.

# پێبکەنە

تۆ دەمریت
جا بە جەڵتەی جەهل بێ
یا بە جەڵتەی نوور.

تۆ دەمریت
نزم بیت یا بەرز

تۆ دەمریت،
دەی پێبکەنە، ئەحمەق.

## بۆ عومەر مستەفا




ڕۆژگارێ
ڕۆژگارێکی دوور دوور
لە "ئۆدکا پارک"ی بیلەفێلد لە ئەڵمانیا
ناوە ناوە دەستی یەکترمان دەگرت
بەرانبەر ژنە ڕووتەکان و
بەرانبەر سەگە جوانەکان و
بەرانبەر گیا سەوزەکان و
بەرانبەر درەختە سوورەکان و
بەرانبەر ئاسمانی شین
شاییمان دەکرد.
ئیدی ئەوە بیست پێنج ساڵە
من  هەمیشە مەلیکی تۆم و
تۆش بۆ هەمیشە تاکە مەلیکی من.

# 77ساڵ

حەفت ساڵە و ب تنێ حەفت جاران
من خیانەت یا ل هەڤژینا خوە کری
لێ حەفت ساڵان بەری ژنێ بینم
د حەفت سالاندا..
من خیانەت یا ل حەفتێ و حەفت ژنان کری
لەوا نۆکە.. د حەفت دەمژمێراندا
حەفت ملیۆن جاران دل بگومانم
ئەرێ ددەمێ حەفتێ و حەفت سالاندا
دێ هەڤژینا من جارەکێ، خیانەتێ ل من کەتن؟!

_شیعر: زانا خەلیل
_بادینیکردن: د.عارف حیتۆ




# _چارلس بوکۆڤیسکی

**(1920_1994) شاعیری ئەمەریکی.**

**و: زانا خەلیل**

# دەتەوێ ببیتە نووسەر..؟

سەرباری هەموو شتێ
ئەگەر بە تەقینەوەیەک
لەناختەوە نەیەتەدەر، مەنووسە.
ئەگەر بێپرس لە دڵ و عەقڵ و
لە دەم و هەناوتەوە نەیەتەدەر، مەنووسە.
ئەگەر بە سەعاتان
چاو ببڕیتە شاشەی کۆمپیوتەر
یا لەسەر پیتچن
بە دوای وشەدا کوڕ ببیتەوە، مەنووسە.
ئەگەر بۆ پارە
یا ناوبانگ دەنووسی، مەنووسە.
ئەگەر بۆ ئەوە دەنووسی
چونکە پێویستیت بە ژنە، مەنووسە.
ئەگەر پێویست بێ
لەوێ دانیشیت و
جارێکی دیکە پێدابچیتەوە، مەنووسە.
ئەگەر لات قورس بوو
بیر لە نووسین بکەیتەوە، مەنووسە.
ئەگەر هەوڵتدا
وەک یەکێکی دیکە بنووسی،
نووسین لەبیرکە.
ئەگەر پێویستبێ چاوەڕوان بیت
بە دەنگدانەوە لە ناختەوە بێتە دەرەوە
بە سەبر چاوەڕوانبە.
ئەگەر هەرگیز نەهاتەدەر،
ئەوە کارێکی دیکە بکە.

ئەگەر پێویستبوو سەرەتا
بۆ ژنەکەت یا هاوڕێیەکت
یا دایک و باوکت یا بە ڕەهایی
بۆ هەر کەسێکی بخوێنیتەوە،
ئەوا تۆ هێشتا ئامادە نیت.
وەک زۆر لە نووسەران مەبە.

وەک هەزاران خەڵک مەبە
ئەوانەی خۆیان ناو ناوە نووسەر
گەمژە و بێزارکەر مەبە و بە خۆت مەنازە
ڕێمەدە خۆخۆشویستنت وێرانت بکا
کتێبخانەکانی دنیا بەهۆی کەسانی وەک تۆ
تا خەوتن باوەشک دەدەن
خۆت مەخە ناو ئەوان
نا..مەنووسە،
تەنیا ئەو کاتە نەبێ
کە وەک مووشەک
لە ڕۆحتەوە دەردەچێ
تەنیا ئەو کاتە نەبێ
کە وەستانت بەرەو شێتبوون
یا بەرەو خۆکووشتن
یا کووشتنت ببا.
نا.. مەنووسە
تەنیا ئەو کاتە نەبێ
کە خۆری ناخت
هەناوت دەسووتێنێ.

نا..مەنووسە
ئەو کاتە کات لەبارە
ئەگەر سەرپشک بیت

نووسین خۆی،
خۆی ئیلقا بکا و
جار دوای جار
له رووداو بەردەوام ببێ تا دەمرێ
یا له ناخت دەمرێ
هیچ رێگایەکی دیکه نییه و
هەرگیزیش نابێ..

# بۆ ئەو قەحپەیەی شیعرەکانی دزیم

هەندێ دەڵێن:
پێویستە خراپە شەخسییەکانمان
لە شیعرەوە دوور بگرین..

_"ئەبستراکت بمێنەوە"


لۆژیک لەو قسەیەدا هەیە
بەڵام ئەی خوایمن
دوازدە شیعرم رۆیشت،
کۆپیشم نییە و
باشترین تابلۆکانی منیشی لایە
ئەوە شەڕە..

دەتەوێ وەک ئەوانیتر وێرانمکەیت؟
بۆ پارەی منت نەبرد؟
ژنەکان هەمیشە پارە لە گیرفانی
ئەو سەرخۆشە خەوتووانە دەبەن

**که به نەخۆشی لە گۆشەیەکدا کەوتوون.**
**جارێکیتر باسکی چەپم**
**یا پەنجا دۆلار ببە**
**بەڵام شیعرەکانم نا..**
**خۆ شەکسپیر نیم**
**بەڵام بە سانایی هەندێجار**
**شیعری زۆرم نییە جا ئەبستراکت بێ**
**یا هاوشێوەی**
**بۆمبی ئەخیر**
**سەروەت و قەحپە و سەرخۆشەکان دەمێنن**
**بەڵام وەک خوا کە "پێ لەسەر پێ" گوتی:**
**من وای دەبینم**
**شاعیرانی زۆرم درووستکرد**
**بەڵام شیعری زۆر نا.**

**سەرچاوە:**

maseera.com _




# چارڵس بوکۆڤسکی

## (باڕی قەلەڕەشی مەلیک)

### چیرۆك

لە باڕی قەلەڕەشی مەلیک دانیشتبووم، یەکێک لە تەنیشتم لێیپرسیم:
_ماڵت هەیە ئەوشەو بۆی بچیتەوە؟
گوتم:
_نەفرەت لە هەموو شتێک، نەخێر هیچ شوێنێکم نییە.
لەگەڵی چوومە ماڵی و لە ژووری میوانان دانیشتم، "تیدی" لەسەر عەرد دەستی بە دەستبازی کرد لەگەڵ ژنەکەی، ناوە ناوە کراسی ژنەکەی هەتا سەر قوونی هەڵدەدایەوە و ژنەکەش بزەی بۆ دەکردم، ئەوان هەر خەریکی دەستبازیبوون و منیش دانیشتبووم و بیرەم دەخواردەوە.
ژنی تیدی ناوی هێلینە، تیدی دەمنادەم دەڕۆیشت و هێلین وا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم وەک ئەوەی چەندین ساڵە بیناسم نەک تەنیا ئەوشەوە؛ هێلین گوتی:
_بوکۆڤسکی، قەت بیرت لەوە نەکردۆتە ﻬمگێیت؟
_هێلین، تیدی برادەرمە.

_قسەی قۆڕ، منیش هاوڕێتم، ئەوەی گوت و کراسەکەی بەرز کردەوە و هیچی لەبەر نەبوو.
گوتم: تیدی لە کوێیە؟
_خۆت مشەوەش مەکە، تیدی دەیەوێ بمگێی.
_چۆن دەزانی؟
_خۆی پێیگوتم.
چووینە ژووری نووستن، تیدی لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، جگەرەی دەکێشا، هێلین خۆی ڕووت کردەوە و خۆی فڕێدایە سەر قەروێڵە، تیدی گوتی:
_دەی بکە.
_بەڵام تیدی ئەوە ژنتە.
_دەزانم ئەوە ژنمە.
_مەستم ئەوەیە، تەماشاکە تیدی....
_ئەگەر بکەی دە دۆلارت دەدەمێ، ئیتیفاقمان کرد بوکۆڤسکی.
_ئۆۆۆ دە دۆلار
_بەڵێ.
خۆم ڕووتکردەوە و خۆم فڕێدایە سەر قەروێڵە، گرتم و باش خستمە ناوی.. تیدی گوتی:
_زوو تەواو مەبە.
_هەوڵدەدەم، بەڵام ئەوە شێتم دەکا.
_تەنیا بیر لەوە بکەوە کە کیرت لەناو گومبەتێکی ریخی ئەسپ ناوە.
ژنەکەی وەڵامی دایەوە:
_بەڵێ، بیر لەوە بکەوە کە کیرت لەناو گومبەتێکی ریخی ئەسپ ناوە.
گوتم:
_ئەو گومبوتە چەند بەرزە؟
تیدی وەڵامی دایەوە:
_زۆر بەرزە، فراوانە و بە مێشیش داپۆشراوە.
هێلین گوتی:
_هەزاران مێش، هەمووشیان ڕیخەکە دەخۆن.
گوتم:
_بێگومان، مێش شتێکی سەیرە.

تیدی گوتی:
_قوونت زۆر پێکەنیناوییە.
گوتم:
_قوونی تۆش.
هێلین گوتی:
_ئەی قوونی من چۆنە؟
پێمگوت:
_تکایە نامەوێ بیر لە قوونی تۆ بکەمەوە ئەگەرنا بەرگە ناگرم و تەواو دەبم.
هێلین گوتی:
_هەوڵدە سروودی نیشتمانی بڵێیت، ئاە چەند دەتوانی بڵێیت ئەوەندە بڵێ، بیڵێ ئاە لەگەڵ درەوشانەوەی ئەستێرە ئاە..
چی بوو؟
_وشەکانی سروودی نیشتمانیم لەبەر نییە.
_کەوایە چیت بە مێشکدادێ بیڵێ.
گوتم :
_تەواو دەبم.
گوتی:
_بوەستە.
گوتم :
_تەواو دەبم.
گوتی:
_ئای خودایە!
یەکترمان لە باوەشکرد، یەکترمان ماچکرد، هەناسەیەکمان هەڵکێشا، سەرچەفەکەم سڕییەوە، لەسەر قەروێڵەکە هاتمە خوارەوە، تیدی دە دۆلاری دامێ و گوتی:
_جارێکی دیکە هەوڵدە زۆرترت پێبچێ و وا زوو تەواو نەبی، ئەگەرنا تەنیا پێنج دۆلارت دەدەمێ.
گوتم:
_باش.
هێلین گوتی:
_ئاهـ تیدی.

تیدی گوتی:
_چییە، خۆشەویستەکەم؟
_خۆشمدەوێیت.
شەوی دووەم کەمێک جیاتربوو، دوای دەستگەمەی تیدی لەگەڵ ژنەکەی لەسەر عەرد، تیدی ڕۆیشت و بزر بوو، من بیرەم دەخواردەوە و تەماشای تەلەڤزیۆنم دەکرد، هێلین تەلەڤزیۆنی کوژاندەوە و من بەرانبەری وەستام و گوتم:
_ئەوە بەرنامەیەکی زۆر باشە، بۆچێ تەلەڤزیۆنت کوژاندەوە؟
_تۆ زۆر پیاو نیت وایە؟
_مەبەستت چییە؟
_حەزت لە مریشکی سوورکراوەیە؟
_بێگومان.
_حەزت لە قاچ و کەمەر و مەمکەکانمە؟
_بێگومان، بێگومان.
_حەزت بە ڕەنگی پرچمە؟ حەزت لە شێوەیەی ڕۆیشتنمە؟ حەزت لە جل و بەرگمە؟
_بێگومان، بێگومان، بێگومان.
_تۆ زۆر پیاو نیت وایە؟
_تێناگەم!
_لێمدە.
_بۆچی لێتدەم؟
_تێناگەی؟ قایشت بە کاربێنە، وام لێبکە هاوار بکەم.
_تەماشاکە.....
_بە خورتی بمگێ، لێمدە.
_تەماشاکە ئەی خانمی زۆرانباز...
_ئاه مەسیح.. دەی دەسپێکە.
قایشم دەرهێنا و لە ڕانیمدا.
_بەهێزتر دەبەنگ.
بە ئاسنی قایشەکە لە قوونیمدا، هاواری کرد.
_زیاتر.. زیاتر.


به قایش له قاچەکانیمدا لەسەرەوە تا خوارە و دواتر شەقم لێیدا و بە عەردم دادا و بە پرچ بەرزم کردەوە و گوتی:
_بە خورتی بمگێ، کراسم بدڕێنە.
گوتم:
_ئاخر خانمی زۆرانباز، من ئەو کراسەتم زۆر پێ جوانە.
_ئاھ، تۆی دەبەنگ، بیدڕێنە.
پێشەوەی کراسەکەیم لە سەرەوە ھەتا خوارەوە دڕاند و ڕووت بوو، گوتم:
_ئێستا چیبکەم؟
_لێمدە، بە خورتی بمگێ.
دیسان لێمدا و ھەڵمگرت و بردمە ژووری نووستن، تیدی دانیشبوو جگەرەی دەکێشا، ھێلین فرمێسکی دەھاتە خوار و دەگریا.
تیدی گوتی:
_جوانە، جوانە.
ھێلین پێیگوتم:
_تۆ نایابی.
تیدی گوتی:
_بۆی بخە ناوی.
بەسەر مێردەکەیدا پازمدا و کیرم خستە ناوی.
تیدی گوتی:
پەلە مەکە، درەنگ تەواوبە.
ھاوارم کرد:
_بەڵام ئەوە ئاگرە، شێتم دەکا.
تیدی گوتی:
_بیر لەوە بکەوە کە گووی دەخۆی.
_گووی دەخۆم؟
ھێلین گوتی:
_ئا، گوو ئەوجا مێشیشی لەسەربێ.
گوتم:
_ئاخر ئەگەر گووەکە نزیکی دەوم بکەمەوە مێشەکان دەفڕن.
_جۆرە مێشێکی جیابێ کە لەگەڵ گوو بوخرێ.

**گوتم:**
**_باش.**
**تیدی گوتی:**
**_پەلە مەکە.**
**گوتم:**
**_منداڵێکی بچووکی شین، وەرە و فوو لە بوق بکە، چێڵەکان لەنێو مێرگدان، بەرخەکان لەناو کێڵگەی گەنمدا.....**
**تیدی گوتی:**
**_هێشتا فێری سروودی نیشتمانی نەبوویت؟**
**_نا.**
**_تۆ هاونیشتمانییەکی شەریف نیت، وا نییە بوکۆڤسکی؟**
**_پێموابێ شەریف نیم.**
**تیدی گوتی: هیچ کات لە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا دوا ناکەوم، ئەو وڵاتە نایابە.**
**گوتم: ئەی جاک هۆرنەری بچووک، لە گۆشەیەک دانیشە و کودی بخۆ....**
**هێلین گوتی: ئینجا جاڵجاڵۆکەش دێت و لە تەنیشتی دادەنیشێ.**
**تیدی گوتی: تۆ ئەو گۆرانییە بەو شێوەیە دەڵێیت؟**
**گوتم: نازانم، میری بەرخێکی بچووکی هەیە، خوریەکەی وەک بەفر سپییە، کاتێ میری دەڕوا.. من تەواو دەبم.**
**هێلین گوتی:چی؟**
**_تەواو دەبم.**
**_ئای خودایە.**
**یەکترمان لە باوەشکرد، یەکترمان ماچکرد، هەناسەیەکمان هەڵکێشا، سەرچەفەکەم سڕییەوە، لەسەر قەرویڵەکە هاتمە خوارەوە، تیدی دە دۆلاری دامێ و گوتی:**
**_جارێکی دیکە هەوڵدە زۆرترت پێبچێ و وا زوو تەواو نەبی، ئەگەرنا تەنیا پێنج دۆلارت دەدەمێ.**
**گوتم:**
**_باش.**
**هێلین لەسەر قەرویڵە ڕاکشابوو، گوتی:**
**_ئاه تیدی**
**_بەڵێ خۆشەویستەکەم؟**

_هەردووکتانم خۆشدەوێ.
شەوی سێیەم هەر سێکمان دانیشتبووین سەیری تەلەڤزیۆنمان دەکرد، هێلین لەسەر کورسی دانیشتبوو، چوومە لای، دەستم لە پرچیدا، ماچم کرد، لەبەر پێی دانیشتم، دەمویست پێیەکانی ماچ بکەم، دیتم تیدی هەستا و منی لە ژنەکەی دوورخستەوە و گوتم:
_کێشە چییە؟ تیدی کێشە چییە؟
گوتی:
_بێدەنگبە.
هێلینی بە پرچ بەرزکرد و زللەیەکی لێدا و فڕێیدایە سەر عەرد و هاواریکرد:
_تۆ قەحپەیت، قەحپەیەکی پیس و بۆگەن، قەحپەیەکی ناشرین، لەگەڵ ئەو پیاوەدا خیانەتت لێکردم، بە چاوی خۆم دیتم.
هێلینی لەسەر عەرد هەڵگرت و کراسەکەی دڕاند، زللەیەکی لێدا و قایشەکەی دەرهێنا و بە توندی لێیدا و تەماشایەکی منی کرد و گوتی:
_تۆش کوڕی قەحپە باشترە بە زووترین کات لێرە بڕۆیت.
_بەڵام ئەی تیدی..
_بوکۆڤسکی ئاگادارت دەکەمەوە.
هێلینی بەرەو ژووری نووستن هەڵگرت، من پاڵتۆکەم هەڵگرت و بەرەو باڕی قەلەڕەشی مەلیک کەوتمە ڕێ.
بەڵام تیدی ئەی نەفرەتی چ برادەرێک ئاوا زوو دەگۆڕێ!؟

<u>سەرچاوە:</u>

تشارلز بوكوفسكي/ نساء/ ترجمة:  شارل شهوان




# پاولۆ کۆیلۆ

**چیرۆك**

**و: زانا خەلیل**

**باوکێک خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەبوو بەڵام کوڕە بچووکەکەی وازی لێ نەدەهێنا، کاتێ باوکەکە ماندووبوو، پارچەیەکی لە رۆژنامەکە لێکردەوە، ئەو پارچەیە نەخشەی جیهان بوو، باوک نەخشەکەی پارچە پارچە کرد و داوای لە کوڕەکەی کرد بە یەکەوەی بلکێنێتەوە.. دواتر دەستی بە خوێندنەوە کردەوە و پێیوابوو کوڕەکەی تەواوی رۆژەکە بەو کارە سەرقاڵ دەبێ بەڵام دوای 15 دەقە کوڕەکەی گەڕایەوە لای و نەخشەکەی بە ڕاستی دروستکردبۆوە.**
**باوک بە سەرسوڕمانەوە پرسی: دایکت جوگرافیای فێرکردووی؟ منداڵەکە وەڵامی دایەوە: نەخێر، لە پشتی نەخشەکە وێنەی مرۆڤێکی لەسەربوو، کاتێ مرۆڤەکەم چاکردەوە، جیهانیش چاکبۆوە.**




## گابریل گارسیا مارکیز

## مردن لە سامەڕا

خزمەتکارەکە بە ترس و لەرزەوە گەڕایەوە ئەو ماڵەی کە کاری تێدا دەکرد و گوتی: گەورەم، لە بازاڕ مردنم دیت، هەڕەشەی لێکردم.
گەورەکەی پارە و ئەسپی دایێ و گوتی: هەر ئێسا بەرەو سامەڕا راکە.. خزمەتکار رایکرد.
ئێوارە گەورەی خزمەتکارەکە لە بازاڕ  چاوی بە مردن کەوت و پێیگوت: ئەو بەیانییە بە ئاماژە هەڕەشەت لە خزمەتکارەکەم کردبوو کە بیبەیت..
مردن وەڵامی دایەوە: نا ئەوە هەڕەشە نەبوو، سەرسووڕمانبوو، چونکە من لام سەیربوو کە ئەوم لێرە، لەو شوێنە دوورە لە سامەڕاوە دیت، چونکە قەرارە ئەو شەو لە سامەڕا رۆحی بکێشم.

---

سەرچاوەی هەدوو چیرۆکی پاولۆ کۆیلۆ و مارکیز: ئینتەرنێت



**ساڵێک بەر لە مردنی، ئەدیبی جیهانیی _کافکا_ لەناو ئەزموونێکی زۆر جوان ژیا و  ئەوە چیرۆکەکەیەتی:**

**لە باخچەیەک لە بەرلین کچێکی بچووک بە کوڵ دەگریا چونکە بووکەشووشەکەی خۆی بزر کردبوو، کافکا پێشنیازی بۆ کرد هاوکاری بکا تا بووکەکەی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام نەیاندۆزییەوە.**
**پێشنیازی بۆ کرد بچێتەوە ماڵ و بەیانی جارێکی دیکە بێنەوە و بە دوای بووکەکەدا بگەڕێن.**
**بەڵام کافکا لە ماڵەوە بڕیاریدا لە زاری بووکەشووشەکەوە نامەیەک بۆ کچە بچووکەکە بنووسێ، چونکە دڵنیابوو کە پێیان نادۆزرێتەوە.**
**نامەکە ئاوابوو:**
**(هاوڕێی میهرەبانم تکایە ئیتر مەگریێ، من بڕیارمداوە بۆ بینینی دنیا سەفەر بکەم، ڕۆژانە هەرچی بکەم هەموویت پێدەڵێم).**


کاتێ کافکا و کچە بچووکەکە یەکتریان بینیەوە، نامەکەی بۆ خوێندەوە، ئیدی کچە زەردەخەنە و فرمێسکی تێکەڵ ببوو.
دوای ئەو نامەیە چەندین نامەی دیکەی بۆ نووسی و چەندان جاری دیکە یەکتریان دیتەوە و لە نامەکاندا بووکەشووشەکە بە شێوازێکی خۆش و سەرنجڕاکێش باسی پاڵەوانی و سەرکێشییەکانی خۆی بۆ کچەکە دەکرد.

دوای تەواوبوونی چیرۆکی سەرکێشییەکان، کافکا بووکەشووشەیەکی نوێی تەواو جیاوازی لە بووکەشووشە ونبووەکە بۆ کچە کڕی و لەسەر زاری بووکەشووشەکەش دوا نامەی بۆ کچەکە نووسی:
(سەفەر منی گۆڕیوە، بەڵام ئەوە هەر خۆمم).

کچە گەورەبوو، هێشتاش بووکەشووشەکەی کافکای پاراستبوو، تا نامەیەکی دیکەی کۆتایی لەناو بووکەشووشەکەدا دۆزییەوە و لێی نووسرابوو:
(ئەو شتانەی کە خۆشماندەوێن هەمیشە قابیلی لە دەستدانن بەڵام خۆشەویستیی هەمیشە لەسەر شێوەیەکی دیکەدا دەگەڕێتەوە).

_من یەقینم ئەو خۆشەویستییەی کە بە دڵێکی پاکەوە بەخشیومانە ون نابێ، بەڵکو بۆمان دەگەڕێتەوە، بەڵام مەرج نییە لەسەر شێوە کۆنەکەی، بۆیە پێویست ناکا بۆی بگرییێن مادەم دەزانین لە پەنجەرەیەکی جوانتر و بە شێوەیەکی جوانتر بۆمان دەگەڕێتەوە.

و: زانا خەلیل



## نیکۆل زابلوسکی

خەریکبوو دەمردم بۆ ئەوەی ئامادەیی تەواو بکەم و بچمە زانکۆ، دواتر خەریکبوو دەمردم بۆ ئەوەی زانکۆ تەواو بکەم و وەزیفەیەکم هەبێ، دواتر خەریکبوو بمرم بۆ ئەوەی زەواج بکەم، دواتر خەریکبوو بمرم بۆ ئەوەی منداڵەکانم بچنە مەکتەب، دواتر خەریکبوو بمرم بۆ ئەوەی خانەنشین بم، ئێستا من لە ناکاو دەمرم و سەرنجمدا لەبیرم کردبوو بژیم.


و: زانا خەلیل



# باهۆز مستەفا

# وەهمی کۆمەڵگا یا کۆمەڵگای وەهمی
# لای قەرەنی جەمیل

**باهۆز مستەفا**



بەڵێ هونەر زۆر دەمێکە پێویستی بە ریفۆرم هەیە، منیش دەمەوێت ئەو شۆڕشگێڕەبم. ئینگریس پێش ئەوەی ئێمە قەرەنی بناسین، ئەو دەمێکە ئێمەی ناسیوە.. وشەی هونەر لە فەرهەنگی ئەڵمانی بە شێوە گشتییەکەی بە مانای پێشخستنی کارێك، کە لەسەر بنەمای زانستی، تاقیکردنەوە، هەستپێکردن، فکر...دروست ببێ. بەڵام بەشێوە تایبەتییەکەی بە کاری هونەری مرۆڤ دەگوترێت.

هونەر بەرهەمی کولتوری مرۆڤە، لە پرۆسەی ئەنجامدانی کارێکی داهێنەرانە، هونەرەکە دەکەوێتە کۆتایی پرۆسەکە، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنە بە پرۆسەکەش دەگوترێ هونەر.

ئەگەر سەیری هونەری شێوەکاری جیهانی و کوردی بکەین، هەتا ئەگەر پسپۆڕیش نەبین لەم بوارە، دەتوانین بە ئاسانی هەست بە دوو شت بکەین: یەکەم هونەری بەرز و هێزی داهێنەرانە و جیاکردنەوەی لە شتی سادە و ناڕەسەن. دووەم قوەتی راگرتنی بینەر و ماوەی چێژ بەخشین و پانتایی کارکردنی.

ئەگەر سەیری تابلۆکانی قەرەنی جەمیل بکەین بەتایبەت ئەو تابلۆیانەی لەم دوو پێشانگایەی دوایی نمایشیکرد، لە دوو لاوە کاریگەری خۆی دەسەپێنێ: یەکەم دەتخاتە بەردەم هێزێکی تەکنیکی گەورەی جیهانی و ترس دەخاتە ناخت، لە هەمان کاتە وەکو کیمیاگەرێکی مەزن لە تێکەڵکردنی رەنگ دەردەکەوێت.

دووەم: وەکو فکر واقیع سەراوژێردەکات و درۆکانت کەشف دەکات و پێتدەڵێ: ئەی مرۆڤ سەیری ناخی خۆت بکە، واز لە کەمالیات بێنە، ناخت چاڵە، گوفەکە، بیابانە، تۆ جگە لە وەهمێك شتێکیترنیت. وەکو خۆشی دوا پێشانگاکەی وا ناونابوو. قەرەنی جەمیل لە رێگای ژیاننامەی شار و وڵاتەکەی ژیاننامەی خۆی دەگەڕێتەوە و ئاوێتەی یەکتر دەبن. کاری لەسەر کارەساتەکانی وڵاتەکەی و جەهلی کۆمەڵگاکەی و بێ کەسی و بێ خودای وڵاتەکەی کردووە، لە تابلۆکانی پێچەوانەی (بودا) گەیشتۆتە لوتکەی نێرڤانە لە ئازار، جگە لە چۆڵەوانیی و ئیسك و گۆڕ و سوتان هیچیتر بەدیناکرێت، هەستی تەنیایی پانتاییێکی گەورە لە کارەکانی قەرەنی جەمیل داگیردەکات. مێژووی چەندین ساڵەی ئازارەکان لەرێی تابلۆکان دەنوسێتەوە. هەر بۆیە کارەکانی لەسەر شتی بێ بەهاو و کەرستە پەراوێزییەکان بینا دەکات، فەلسەفەی خۆی لە رێگەی تابلۆکانی پەیامدەکات، هەر تابلۆیەکی کتابێکە و لە خوێندنەوەی تێرنابی و بێزارنابی.

ئەگەر بەوردی سەیری کارکردنی قەرەنی جەمیل بکەین لەسەر رەنگ، دەبینین رەنگی قاوەیی، کە رەنگێکی موفەزەلیی قەرەنیە رەنگێکی نێگەتیڤە، رەنگی خاکە، بلانسی راگرتن و گەیاندنی فکرەکەیەتی. هەروەها لە پەنایی ئەمە مەبەست رەنگی قاوەییە، دەڵێ تا کەی ئەم بێزاری و بێتاقەتی و نەزانییە؟ زۆربەی کارەکانی لەسەر مێژووی کارەساتاوی ولەناوچوون و مرۆڤی وەهمییە.

ئگەر(ئەنزاڵم کیفەر) تاریخی هونەری شێوەکاری نوێکردبێتەوە، ئەوە قەرەنی جەمیل قۆناغێکی نوێی هونەری شێوەکاری لە کوردستان دروست کردووە.


قەرەنی جەمیل وەکو کیفەر سیمبۆلیزمی نوێیە لە شێوازی کارکردن و کاریگەربووە بەو، بەڵام لە ئیشکردن تەواو سەربەخۆ و ئازادە، وەکو چۆن کیفەر کاریگەری کاسپەر داڤید فریدریش رۆمانسی نوێی لەسەر بووە. دەبێ لەبیرمان نەچێ کیفەر کولتورێکی بەرز و دەوڵەمەند و دونیایەك بیرمەند و شاعێری ئەڵمانی لە پشتبووە تا دروستبووە، وەکو بیتهۆڤن، هاینە، گیۆتە، ڤاگنەر...، بۆ نمونە کاریگەری راستەوخۆی باخمان و پاولسیلانی لەسەر بووە و تایتلی شیعرەکانی کردۆتە ناوی تابلۆکانی، بەتایبەتی سودی لە شیعری فوگەی مەرگی پاول سیلان بینیوە (پرچی زێڕینت مارگەرێت، پرچی خۆڵەمێشیت سولەمیت).

قەرەنی پرسیاری ئەخلاقی زۆری ورەوژاندووە و بەرپرسیارەتی هونەری خۆی تەواو جێ بەجێکردووە. هونەر رۆچۆتە ناخی قەرەنی ئەگەر سەیری فۆرم و

شێوازو شکل و ستایلی خودی خۆشی بکەین، ئەویش هونەرە هونەرێکی بەرز و پڕ ئەتاکێت.
ئەگەر کیفەر باشترین هونەر مەندی هەردوو بەری ئەتلەنتیك بێ (رۆبەرت هوگێز) ئەوە قەرەنی جەمیل باشترین هونەرمەندی هەر چوار پارچی کوردستانە، ئەگەر هی ئاسیایی بچوك نەبێ. وەکو هونەرمەندێکی بەرزی جیهانی کاردەکات. دەبوا ئێستا تابلۆکانی قەرەنی لە ماڵە هونەرییەکانی لەندەن و نییۆرك بوایە، وەکو گیهارد ریشتەر وکیفەر و ترۆکل وجۆزیف بۆیس..

# رۆمانی کتێب دز - مارکوس تسوزاك

باهۆز مستەفا




گێڕەرەوەی ئەم رۆمانە مردنە کە رۆحی مرۆڤەکان لەگەڵ خۆی دەبات، دەستپێکی چیرۆکەکە لە ساڵی 1939یە لەرێگای (لیزل میمێنگەر) کە کچێکی تەمن نۆ ساڵانە. لە ناوچەی مۆلشینگ لە مونشن- ئەڵمانیا لە سەردەمی نازییەکانە. لیزل دوای راگواستنی دایك و باوکی لەلایەن نازییەکان و مردنی براکەی لەلایەن خێزانێکی بەخێوکەر گیرسایەوە، لەم رۆمانە بە شێوەیەکی گشتی باسی چەند کتێبێك دەکات یا ناوەرۆکی کتێبەکان نیشان دەدات، کە لیزل دەیدزین یا وەریدەگرتن، یەکەم کتێب (گۆڕ هەڵکەنەکان بوو لە نێو بەفر هەڵگرتەوە لە کاتی ناشتنی براکەی، دووەم کتێب لە نێو ئاگر هەڵگرتەوە لە کاتی سووتاندنی کتێب لە لایەن نازییەکان، چونکە نازییەکان پێیانوابوو هەموو ئەوانەی بە ئەدەب و هونەر پەروەردە دەبن، مرۆڤی لاوازن و دژی کۆمەڵگای ئەڵمانین. دواتر دزینی چەند کتێبێك لە ماڵی پارێزگاری شار، کە کتێبەکانی فاوست، سەگەکە، منارە، مرۆڤ لە قوڕ، خەون گوێزەرەوە، گۆرانیەك لە تاریکی، شەڕەکانم. نووسەر لە رێگای دونیابینی ئەم منداڵەوە لە بارودۆخی ئەو کاتی ئەڵمانیا دەڕوانێ، لیزل حەزی دەکرد هەموو شتێك بزانێت، هەر بۆیە دواتر کە لە ژێرزەمین بووە هاوڕێی ماکس کە کوڕێکی یەهودی بوو، دەیپرسی ئایا دایکم منی خۆش دەوێت؟ ماکس: بێگومان، هەموو دایکێك ڕۆڵەکەی خۆی خۆشدەوێت، هەتا دایکی هیتلەریش کوڕەکەی خۆی خۆشدەوێت. ئینجا لە ترسی نازییەکان لەم ژێرزەمینە شەڕە بەفریان دەکرد و بووکە بەفرینەیان دورست دەکرد، کە لیزل بە

ستل هێنابوویە ژووری، ماکس داوای لە لیزل دەکرد بنووسێت، چونکە ئایینی ئەوان بە هۆی نووسینەوە ماوە، ئەوان نووسین بە گەورەترین سامانی خۆیان دەزانن، بەردەوام هەموو شتێك دەخوێننەوە و دەیانەوێت فێری هەموو شتێك بن، بۆیە کەس ناتوانێت لە ناویان بەرێت، لیزل لەم تەمەنە ڕاگواستنی یەهودییەکان و بۆمبابارانی مونشنی بە چاوی خۆی بینی، بۆیە ناوە ناوە لەگەڵ ڕوودی هاوڕێی دەچوونە ناو دارستان و هاواریان دەکرد "رقمان لە سەرۆکە، رقمان لە سەرۆکە".............

# له تەمدا




هێرمان هێسە
و: باهۆز مستەفا

نامۆیە لە تەمدا بگەڕێیت
هەموو دەوەن و بەردێک تەنیایە
هیچ دارێک ئەویتر نابینێ هەمووی تەنیایە
دونیا پڕبوو لە برادەرانم
لەو کاتەی ژیانم رووناک بوو
ئێستا کە تەمە کەس نابینرێ
لە راستیدا، ئەو کەسە دانا نییە کە تاریکی ناناسێ
بەناچاری و بەهێمنی لە هەموویان جیادەبێتەوە
نامۆیە لە تەمدا بگەڕێیت
ژیان تەنیاییە هیچ مرۆڤێک ئەویتر ناناسێ
هەموو کەسێ تەنیایە.

# ڕۆمانی دارستانی نەرویجی، هاروکی موراکامی

**باهۆز مستەفا**




لەم ڕۆمانە نووسەر لە ڕێی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی وەکو قوتابی زانکۆ، فەلسەفە و بیروڕاکانی لەسەر کۆمەڵێک لایەن دەخاتە روو: لەوانە حاڵەتی خۆکوشتنی گەنجان لە یابان، نموونەی گیزۆکید کە کەسێکی هێمن و لەسەرخۆبوو، کەس نەیزانی بۆچی وایکرد، هەروەها کچەکەی دۆستی (واتانابی) ناوکۆ لە نەخۆشخانەی چاکسازی خۆی کوشت. هاتسومی هاوڕێی ناگاساوا بە گوێزان خۆی کوشت.

لەسەر پارتی کۆمۆنیستی و کاری سیاسی پێیوایە شۆڕش بازرگانییە و هەمووی درۆ و بەرژەوەندییە، وەکو لەسەر زاری میدۆری دەڵێ: لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە ژنەکانیان گوت ئێوە بڕۆن برنج لێنێن.

هەروەها دەربارەی خۆشەویستی پێیوایە درۆی گەورە دەکرێ: خۆشەویستی خۆی هەیە و بەردەوام لەگەڵ کچانیتر

رادەبوێرێ، واتانابی ناوکۆی خۆشدەوێ، بەڵام لەگەڵ هەرکەسێک رادەبوێرێ، کە تووشی دەبێ بگرە برادەری خۆشەویستەکەشی رایکۆ پێیوایە قسە لەگەڵ کردار دوو شتی زۆر دوورن لەیەکتری.

لەسەر کەسایەتی: واتانابی خۆی کەسێکی شەرمن و راستگۆیە، بەڵام کاریگەرە بە کەسایەتی ناگاساوە، کە خوێنەرێکی باش و سەرکێشێکی شێتە، بەردەوام خەریکی خواردنەوە و ئافرەتانە و تاقەتی پەیوەندی ئاسایی نییە لەگەڵ قوتابیانیتر،

جوانترین کچ برادەریتی، کەچی دەچێ بە ئاشکرا لەگەڵ کچانیتر پەیوەندی دەبەستێ! وەڵامی بۆ ئەمە: کەس ناتوانێ هیچ بەسەر کەسی خۆشەویست بسەپێنێ، دەبێ خۆی رازیبێ بەو شتەی هەڵیبژاردووە. ناگساوا زۆر قسەزان و قسە لەڕووبوو، هەر شەوە لای کچێ بوو، بە پاساوی: کاتێ بە توانایەکی زۆر دەور دەدرێی، قورسترین شت ئەوەیە وابکەی لێی دەرچی. لە خوێندنیش زۆر زیرەک بوو دەیگوت: بۆ پارە و دەسەڵات هەوڵنادەم، بەڵام دەمەوێت بزانم لەم دونیایە چیم پێدەکرێت. هەروەها دەڵێ: نامەوێ وەکو خەڵک هەمان کتێب بخوێنمەوە، تا وەکو ئەوان بیر نەکەمەوە.

# کۆڕۆنا

باهۆز مستەفا
چیرۆک

کابرا دوو هەفتە جارێک خۆی دەشوشت و خواردنی سەر عارەبانە و سەرشۆستە نەبا نەیدەخوارد، ئەوە دوو مانگە خۆی لە ژوورێک کەرەنتین کردووە و جۆرەها ماددەی پاککەرەوی لەلای خۆی داناوە، نەک هەر لە ژنەکەی دوورکەوتۆتەوە، بگرە قسەشی لەگەڵ ناکات، سەردانی دکتۆریش ناکات و هیچ نیشانەیەکی کۆڕۆناشی پێوەدیار نییە، گوێ لە کەسیش ناگرێ، ژن و منداڵی تووشی شۆک بوونە باوکیان نەخۆش نییە و ئەوە بووە دوو مانگ خۆی کەرەنتین کردییە، پەنایان بۆ هەموو خزم و دۆستەکانی بردووە سودی نەبووە، تا مەلای گەڕەک چووە پیگوتووە کوڕم خوا چی نووسیبێ هەر ئەوەیە مەترسێ وەرە دەرەوە، بۆ مزگەوت و نوێژش نەبێ، هەر لەبەر ژن و منداڵەکانت، خۆ تەڵاقت نەخواردووە نەیێتە دەرەوە؟ ئەویش گوتویەتی وەڵا مەلا چیت لێبشارمەوە تەڵاقم خوارد کۆڕۆنا درۆیە؟

مەلا: وەڵا کوڕم دەستت لە ...... مەلای، تازە لە ژوورێبی یان لە دەرێ ژنەکەت فت.

# قاوەخانەی بەلزاک

باهۆز مستەفا
چیرۆک

لە سەیرکردنی مۆزەخانە و پەیکەر و ئەرشتێکتۆری باڵەخانە و پرد و جوانی پارک و شەقامەکانی بەرلین تێر نەدەبووم، هەستم بە ماندوبوونکرد، ناچار لامدا قاوەخانەیەک وابزانم ناوی قاوەخانەی ( بەلزاک) بوو، هەموو مێزەکان گیرابوون، تەنیا یەک کورسی لە مێزێک بە تاڵ بوو کە سێ کەس لەوێ دانیشتبوون بە جلوبەرگێکی سەردەمی زوو دەتگوت لە مۆزەخانە هاتوونەتە دەرێ، خەریکی گفتوگۆ بوون، وام هەستدەکرد دەیانناسم، بۆیە بە ئەڵمانی پرسیم دەتوانم دابنیشم؟ سەیرێکی منیان کرد، پاشان گوتیان فەرموو، گوتم ببوورن گفتوگۆکەم پچڕاندن؟ یەکێکی ریش گەورەی سەر زڵ گوتی: تۆ خەڵکی کوێیت؟ گوتم: کوردم هەموو سەیری یەکتریانکرد. گوتم: هیچ شتێکی نامۆ هەیە؟

ریشنەکە گوتی: تازە بابەتی گفتۆگۆمان لەسەر زەرادەشت بوو، فەلسەفەیەکی جوانی هەیە، بەڵام ئەو بەدبەختەش پێدەچێت کوردبێ، چونکە کاریگەری لەسەر ئەو شێتەی خۆمان هەبووە، کەچی سەرنجی هاونیشتمانانی خۆی رانەکێشاوە.

یەکێکی پرچ لولی خەپە گوتی: ئێوە نە توانیتان سوود لە زەرادەشت وەرگرن نە لە ئیسلام، خۆتان پێدا شۆڕکردۆتەوە. گوتم: ئێمە زەردەشت باش ناناسین، بەڵام ئیسلام ئاینێکی نەگۆڕە بۆ هەمووان وەکو یەکە ئێمە چۆن دەتوانین دەستکاری بکەین، پاشان ئەوەی ئەو کارە بکات کافرە و نەفرەتی لێدەکرێت.

خەپە بەدەنگێکی گەورە هاهاهاهاها تەواو تێگەیشتم لۆ نەبووینە هیچ، ئەدی ئێستا ئێوە نەفرەت لێکراونین لە سەرەتاوە تا ئێستا دژی ئێوە نەبوون ژنەکانیان نەبردن؟ملوانکەکەی ملی خاچێکی گەورەی پێوە بوو دوو سێ جار ماچیکرد گوتی: من قەشەم و بڕوام بە ئاینەکەی خۆم هەیە، بەڵام ئەگەر بەناوی ئاین یەک ئەڵمان ئازار بدرێ، بەو خاچەی دەستم هەموو کەلەی پاپای فاتیکان دەشکێنم، کاتی خۆشی رێگەم نەدا بە ناوی ئاین دزی بکەن و گوتم برۆن چ دەکەن بیکەن.

ریش گەورەکە: باشە ئێوە بۆچی گا ناپەرستن وەکی هیندۆسەکان؟

گوتم: لۆ ئەو قسەیە دەکەی، ئێمە ئاینی خۆمان هەیە.

پێکەنی گوتی: ئێوە خۆ لە ئاین ناگەن و نایخوێنەوە، گا پەرستیش هیچی ناوێت بەس نابی گۆشتی گای بخۆن، چەوریشتان کەم دەبێتەوە هاهاهاها ببوورە!
کەسی سێیەم تۆزێ بچوکبوو کەمێکیش مشاوەش دیاربوو، گوتی: ئێوە بۆ گوێگرتن لە موزیک دەچنە چ هۆڵێک؟ گوتم: دەچینە هۆڵی دانیشتن، باش تێنەگەیشت گوێگرانبوو، بۆم دووبارە کردەوە..سەیرێکی منی کرد و گوتی: باسی کۆنسێرت و ئۆپێرا دەکەم، باسی هۆڵی دانیشتن ناکەم، کەر و گاش شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە!
ریشگەورە وەڵامیدایەوە: لودڤیش، ئەوێ رۆژێ باسی نەتەوەیەکم بۆ کردی کە مێژوو سەدجار خۆی دووبارەکردۆتەوە، فەلسەفەکەی ئێمەشی بە درۆخستەوە، کە دەمانگوت مێژوو دووبارە نابێتەوە یان مرۆڤ بەردەوام لە بەرەوپێشچوونە!
ئەوجا برێ چ ئەوانە مارکسیەت بە جگەرە تێگەیشتوونە ناوە ناوە تەرکی دەکەن هاهاهاها ببوورە!
لودڤیش: نەتەوە چل ملیۆنەکە ئەوەی هیچی نییە، شوان و گاوانەکان، ئەوانەی هەر دەگریێن و لە دوژمنی خۆیان دەپاڕێنەوە؟ زۆر تورەبووم گوتم: ئێوە کێن و لە چی دەزانن ئەوها بە کەیفی خۆتان قسە دەکەن و سوکایەتمان پێدەکەن ئێمە هەرچوار دەورەمان دوژمنە هێشتان ماوین!
ریشنەکە ئیمانی نەما گوتی: تو شەڕەفت ئەوە مانە، پاشان ئێمە سوکایەتیتان پێدەکەین یان بە خۆتان؟ ئەوەتە دانیمارک پێنچ ملیۆن کەس نابێ، لۆکسمبورگ نیو ملیۆنە، بەلجیکا، هۆلەند و ....، هەموو ئەوانە لە ئێوە ژمارەیان کەمترە و لە نێو دڕەندەترین و سەخترین دراوسێ دروست بوونە خۆیان دروستکردیە، لای ئێمە هیتلەر لە هەمووان خوێڕیتربوو، ئینجا دەیگوت میللەتێک نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات شایەنی ژیان نییە، ئێمەش لە خۆوە قسە ناکەین، من کارل مارکسم، ئەوەش مارتین لۆتەرە، ئەوەش لودڤیش بتهۆڤنۆکەی خۆمانە، ئێستاش فەرموو بڕۆ زیاتر کاتمان لێمەگەرە و مێشکمان مەگێ بەو قسە بێمانایانە بڕۆ دەوڵەتێکی لۆ خۆتان دروستکەن! هەرسێک بەیەکەوە هاهاهاها ئەو بەڵایە چبوو؟
هەتا گەیشتمە دەرگەی دەرەوە هەر ئاوڕمدەدایەوە و باوەڕم نەدەکرد راستبێ!

# بۆ کویێ؟

شیعر: باهۆز مستەفا

نیوەی تۆ هی منە
بۆ خۆت برۆ، بۆ من نا
عەقڵ ببە، دڵ نا
جەستە ببە، روح نا
گەر بڕۆیت سەماکان چۆن دەبیتەوە؟
چی لە دەنگی چەقەنە و پێکەنینەکان،
دەنگی لێکدانی پێک و گۆرانییەکان دەکەیت؟
نیوەی تۆ هی منە
لەسەرەوە پرچ و مل و لێوت
لە خوارەوە پاژنەی پێ و بەلەکەکانت
لە تەنیشتتەوە مەچەک و قۆڵە سپیەکانت
لە ناوەوە دڵ و جەرگ و زمانت
هەر دەڕۆیت؟
ماڵئاوایکردنەکە دوابخە،
لە باوەشگرتن پێشبخە،
هەر دەڕۆیت،دەڕۆیت؟
وەرە با ئاهەنگی ماڵئاوایی بگێڕین
بە سەما و بیرە،
بە جگەرە و قیژە لێدانەوە
بەگۆرانی خێرا و ئەخیر دەنگەوە
بەدەستگرتن و ماچەوە
بە سەفەرەکی درێژ تا سەر سنوور.



# وڵاتێکی درۆ

**شیعر: باهۆز مستەفا**
**بۆ حوسێن شەریفی**

**مەلە جوانەکەی سەر داری کانی**
**ئەو گۆرانییەی بۆ نشتیمان چڕیم**
**درۆبوو**
**پێکەنین و گەشتەکانی سلێمانی**
**درۆبوو**
**ئەو عیشقەی شەوانی هەولێر**
**درۆبوو**
**خۆشەویستی شاری سنە**
**درۆبوو**
**ناسینی هەمو سەرکردەکان**
**درۆبوو**
**ناسینی ئەدیب و ئەدەبدۆستان**

درۆبوو
تاران و ئەنکەرا و هەولێر بۆ من
جگە لە خەم و سووکایەتی رۆح هیچیتر نەبوو
درۆبوو دەمگوت هیچ کەس ناتوانێ
تا رۆژ بناڵێ
ئەوە نییە سەدان رۆژە دەناڵم و کەس نایبینێ
وڵاتێک، ژوورێک و چارێگێک ئۆزۆی بۆ من نەبێ
برادەران بڵێن ئەی وڵاتی خۆت
کوانێ هاوڕێی سەرۆک بیت و
رۆژێ جەمێک نان بخۆیت
دەبێ ئەو وڵاتە جگە لە درۆیەکی گەورە
چیبێ ئەی خودا.



بۆ دڵشاد عەبدوڵلا
شیعر: باهۆز مستەفا


شارستان و شاعیر
ئەتاکێت و پاکی
ڕوح و دڵ و خەمەکانی
هی شارە
چروت و پایپی
زمان و ئەدەبەکەی
مرۆڤبوون و شیعری
ئونیڤێرزاڵە.

## فرانس کافکا ۱۸۸۳-۱۹۲٤
## (بەدگۆڕان ـ die Verwandlung)




ڕۆمانێکی کافکایە یەکەمجار لە ساڵی ۱۹۱٥ چاپکراوە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە گریگۆر سامسایە، فەرمانبەری کۆمپانیایە و زۆر دڵخۆشە، کە دەتوانێ یارمەتی خێزانەکەی بدات و قەرزەکانیان کەمبکاتەوە، هەرچەندە کارەکەی قوڕس و زحمەتە.
بەیانییەک هەوڵدەدات هەڵبستێت وەکو ڕۆژانی ئاسایی بە شەمەندەفەرەکەی رابگاو بچێتە سەر کارەکەی، بەڵام ناتوانێت خۆی قیتبکاتەوە سەری بە ئاستەم دەجولێ و دەست و پێیە وردەکانی زۆر بێ هێزن و ناتوانێت لە هیچ شتێک گیریان بکات پشتێکی خڕ و سەرێکی بچوک و شەویلاکێکی گەورە و شلەیەکی لە دەمی دێتە دەرەوە، بۆتە قالۆنچە. زەنگی کاتژمێرەکەی لێدەدا، دایکی بەهیوشی بانگیکرد گریگۆر کوڕەکەم، گریگۆر بەئاستەم دەنگێکی لێوەهات، ئینجا باوکی و خوشکەکەی بانگیانکرد بە زۆر لە خۆکردن و دەنگێکی نامۆ، گوتی باش! زۆریان لا سەیر بوو دایکی هەستیدەکرد گریگۆر نەخۆشە و پێویستی بەیارمەتیە، کەچی گریگۆر خەمی کارەکەیبوو، ئەگەر دەریبکەن چۆن دەتوانێ یارمەتی خێزانەکەی بدات و قەرزاکانیان بداتەوە.
پاشان نوێنەری بەڕێوەبەری کارەکەی هات بۆ زانینی هۆکاری نەهاتنی گریگۆر بۆ سەر کارەکە! بانگیکرد: گریگۆر دەرگاکە بکەرەوە ئاساییە گەر نەخۆشیت، من دەتوانم بۆ بەڕێوەبەر روونبکەمەوە، بەڵام کەمێک نەخۆشی نابێتە هۆکاری نەهاتنت..دایکی: گریگۆر کوڕم دەرگاکە بکەرەوە نوێنەری بەڕێوەبەر دەیەوێت بتبینێت.. گریگۆر هەموو هێزی کۆکردەوە تا بتوانێت دەرگاکە بکاتەوە چەندین


جار کەوتە خوارەوە و بەربۆوە تا دەرگاکەی کردەوە، دایکی کە بینی یەکسەر بورایەوە، نوێنەری بەڕێوەبەر بەڕاکردن بۆ دەرەوە، باوکی بە بێزاری و توڕەیی بۆ ناندینەکە، خوشکەکەی دەستی بە گریان کرد. گریگۆر هەر خەمی ئەوەی بوو نوێنەری بەڕێوبەر چۆن ئەم بارە بۆ بەڕێوەبەرەکەی شیدەکاتەوە.
ڕۆژانە خوشکەکەی ژوورەکەی بۆ پاکدەکردەوە و خواردنی بۆ دەبرد، باوکی هەر بیدیبا شتێکی تێدەگرت ڕۆژێک چەند سێوێکی تێگرت تا سێوێک لە پشتی چەقی. گریگۆر بەردەوام لە ژوورە تاک و تەنیاکەی بوو، تاوایلێهات مێزی نوسین و دۆڵابەکەیان بردە دەرەوە بە ناوی پاککردنەوە، دوایی خوشکەکەی تاقەتی نەما چیتر پاکی بکاتەوە. لەبەر بێپارەیی ژوورێکیان بەکرێدا، دوای ئەوەی کرێچییەکان گریگۆریان بەم شێوەیە بینی خانووەکەیان جێهێشت، لەبەر خراپی گوزەرانیان و مانەوەیان بەردەوام لەماڵەوە لە گریگۆر بێزاربوون، ئەو خوشکەی کە خۆشیدەویست، داوای لە دایک و باوکیکرد کە با ڕزگاریان بێ لە گریگۆر خۆ ناتوانن هەموو ژیانی خۆیان بکەنە قوربانی. گریگۆر نەیدەتوانی قسەیان لەگەڵ بکات، بەڵام تێیان دەگەیشت بۆیە هیچی نەخوارد تا گیانی دەرچوو. ئەنجام: لەم ڕۆمانە کافکا باسی سنوری خۆشەویستی خێزانی دەکات، هەروەها باسی پوچی مرۆڤ کاتێ سودی نامێنێ، هەروەها بێزاری خۆی و گۆشەگیری، کاری لەسەر سایکلۆژی باوک و وێنەیەک لە پەیوەندیەکانی خێزانی نێو کۆمەڵگا دەکا



**فریدریش نیتچشه ١٨٤٤- ١٩٠٠**
**له ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا**

## نیوەشەو

**ئەی مرۆڤ  وریابە!**
**ئەوە باسی چی دەکات قووڵایی نیوەشەو؟**
**من نوستووم، من نوستووم**
**له قووڵایی خەونمدا بە خەبەر هاتم**
**دنیا قووڵە و قووڵترە لەوەی رۆژ بیری لێ کردبووە**
**قووڵی ئازاری  ئێوەیە**
**حەز، قووڵترە لە دڵشکان**
**ئازار دەڵێ:  تاوان**
**بەڵێ گشت حەزەکان هەتا هەتاییان دەوێت**
**قووڵی هەتا هەتایی، قووڵی  دەوێ!**




**تۆماس براش1945 - 2001**
**له ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا**

# خۆشترین رۆژ ٢٧ی نۆڤێمبەر

هیچ رۆژنامەیەکم نەخوێندەوە
سەیری هیچ ژنێکم نەکرد
هیچ نامەیەکم نەکردەوە
ئومێدی رۆژێکی خۆشم نەکرد
سەیری ئاوێنەم نەکرد
لەگەڵ کەس باسی رابردوو و
لەگەڵ کەسیش باسی داهاتووم نەکرد
بیرم لە خۆشم نەکردەوە
دێڕێکیشم نەنووسی
بەردێکیشم نەجوولاند
*

**من چیم هەیە، نامەوێت لە دەستی بدەم، بەڵام...**
**من لە کوێم، نامەوێت لەوێ بمێنمەوە، بەڵام...**
**ئەوەی خۆشمدەوێت، نامەوێت دەستبەرداریبم، بەڵام...**
**ئەوەی دەیناسم، نامەوێت زیاتر ببینم، بەڵام...**
**لە کوێ دەژیم، نامەوێت لەوێ بمرم، بەڵام...**
**لە کوێ دەمرم، نامەوێت بڕۆمە ئەوێ**
**دەمەوێت لەوێ بمێنمەوە،**
**کە قەت نەمبینیوە**




# هۆشەنگ شێخ محەمەد

# چۆن لە سورەوەردی بگەین؟!




زۆر خوێنەر، ئەوانەی بە حسێبی خۆیان رۆشەنبیرن و کتێبگەلێکی زۆریان لە بواری فەلسەفە و ئەدەب خوێندۆتەوە، ناتوانن لە سورەوەردی بگەن، هەمووشیان پێیان وایە هۆکاری تێنەگەیشتنەکە زمانە.

دیارە زمانی کوردی کۆمەڵێ کێشەی هەیە و نووسەران و رۆشەنبیرانیش خۆیان بەشێکن لە پەیداکردن و چارەنەکردنی زمانەکە! بەڵام کێشەی تێنەگەیشتن لە سورەوەردی بە تەنیا بۆ زمان ناگەڕێتەوە. بەڵکو کێشەی سەرەکی تێنەگەیشتن لە سورەوەردی، "تێگەیشتن و بیرکردنەوەی رۆشەنبیر و خوێنەری کوردە"!

لەم سەد ساڵەی دواییدا، فەرهەنگێکی زمانیی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا پەیدا بوو، کە لەگەڵ ئەدەبیاتی سەدەکانی پێشووتر واتا فەرهەنگی زمانیی ئەدەبیاتی کرمانجی، یان گۆرانی، یان سۆرانی زۆر جیاواز بوو، زمانی ئەم فەرهەنگە، زمانێکی لاهووتی- عیرفانی بوو، حیکمەت و فەلسەفە و قووڵاییەکی هزری تێدابوو.

فەرهەنگی زمانی ئەدەبیاتی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا راپەڕین، زمانێکی سیاسی-زانستی "ئایدیۆلۆژی" بوو، کە تا ئێستاش کاریگەری ماوە، ئەدەبیاتی لە میژوو و ئایدیۆلۆژیا پڕ کرد!

لەدوای راپەڕین فەرهەنگێکی تری زمانیی پەیدابوو، کە جۆرێک بوو لە تێکەڵەی فەلسەفە و میتافیزیکێکی نوێی کوردی! میتافیزیکی دوای راپەڕین. - وا ناوی لێ دەنێم- لەرێی ئەدەبیات بیرکردنەوەی رۆماننووس و رۆشەنبیرانی ئەو سەردەمە، کە زۆربەشیان بە کاریگەری خۆرئاوا، تێگەیشتنی نوێیان بە زمانێکی نوێ لە رۆشەنبیری کوردی بڵاو کردەوە، ئێستاکە دەبینین، ئەو زمانە کێشەی زۆرە!

جا سورەوەردی سەر بەم فەرهەنگە مێژوویی و ئایدیۆلۆژیی و میتافیزیکی راپەڕینە نییە، بەڵکو سەر بە فەرهەنگی "موقەدەس"ە. موقەدەسیش مێژووی خۆی هەیە، کە بەداخەوە ئەم مێژووە لە فەرهەنگی ئێمەدا نەناسراوە و ئیشی لەسەر نەکراوە.

بۆیە تێگەیشتن لە سورەوەردی، ئیشکردنێکی نوێ و جدی لەسەر "موقەدەس" دەوێت. دوور لە واتای ئەو فەرهەنگانەی واتایان بە موقەدەس بەخشیوە، بەتایبەتی فەرهەنگی میتافیزیکی دوای راپەڕین!

# تەئویلێکی تر بۆ "مردنی نووسەر" لە وشیاری کۆمەڵایەتی کوردیدا

(١)

لەم وتارەدا مەبەست لە وشەی تەئویل، ئەو واتایە نییە کە نووسەر و رۆشەنبیر و رەخنەگری کورد ماوەی سی ساڵ دەبێت بەکاری دێنێت! بەڵکو بە واتای رەسەن و سادە و سەرەکی خۆی بەکاردەبەمەوە، کە (گەڕانەوەیە بۆ یەکەمین و سەرەتا)، هەروەها نامەوێت تەئویل بە (پۆستمۆدەرنیزم) و هیچ هزر و رامان و میتۆدێکی رەخنەیی ببەستمەوە، کە بکەوێتە نێو ئاسۆی هزریی خۆرئاوایی، کە هەر لە پلاتۆوە تا بارت، مێژووییەکی لەگەڵ "مردن" هەیە.

(٢)

کورد بێ ئەوەی فەیلەسوفی هەبێت، زۆر دەقی فەلسەفی هەن. ئەو دەقە فەلسەفییانە خۆیان لە بەرهەمەکانی فۆلکلۆری و کەلتووری دەبیننەوە، کە لە رامانی ئیشراقیی بە واتا جوگرافی و مرۆییەکەی پەیدا دەبن و دەردەکەون.

مەبەستیشم لە رامانی ئیشراقی، ئەو رامانەیە کە سەر بە حیکمەتی ئیشراقی سوەرەوەردییە و لە سێ خاڵدا کورتی دەکەمەوە:

یەکەم- دەتوانین لە حیکمەتی ئیشراقدا لەو حیکمەتە بگەین، کە بنەماکەی ئیشراقە و لەهەمان کاتدا واتای دیاریدانی هەبوون و کەشف و خۆزانی سۆفی دەگەیەنێت. لە رێی ئەودا هەبوون وەک (خۆری هەڵاتوو) دیار دەبێ، کە بەو دیاربوونە شتەکان دیار دەبن. کە خۆر لە ئاسمان هەڵدێ، وێنەیەکی هەست پێ کراوە بۆ ئەو ساتەی مەعریفەی تێدا هەڵدێ. هەروەها وێنەی هەست پێ کراوە

بۆ ئەو مەعریفەیە. (ئیشراق) بە واتا تەکنیکییەکەی، دەبێتە سەرچاوە و ساتی رەسەنی کەشفی حیکمەت

دووەم- هەروەها حیکمەتی ئیشراق، حیکمەتی خۆرهەلاتییەکانە، واتا حیکمەتی ئەو خەڵکانەیە، لە رووی جوگرافییەوە لە خۆرهەڵاتن، واتا لە شەرقن. واتا ئەو شوێنەی کە رووناکیگەلی بێگەردی لێ هەڵدێن. مەعریفەی خۆرهەڵاتییەکان، بە کردەکی مەعریفەیەکی ئیشراقییە، چونکە بە ئیشراق دەگاتەوە، واتا خۆرهەڵاتی رووناکیگەلی بێگەرد. ئەوەی لەم حیکمەتە بەشدار بێت، شایانی ناسناوی ئیشراقییە. لە رووی مێژووییەوە بە پێی سورەوەردی: خۆرهەڵاتییەکان، واتا میراتگرانی مێژوویی حیکمەتی خۆرهەڵاتی.

سێیەم- پێوەندی نێوان حیکمەتی خۆرهەڵات و حەکیمانی خۆرهەڵات، خۆی لە حیکمەتدا دەبینێتەوە. لە خۆرهەڵات حیکمەتێک هەیە، موڵکی خۆرهەڵاتییەکانە. حیکمەتی کۆنی خۆرهەڵات لەسەر کەشف و موشاهەدەی تایبەت بە حەکیمەکان پێگیر بوو. ئەوەش پڕ بە واتای وشە، مەعریفەیەکی عاریفانە و رەگداکوتاو بوو، لەو ئیشراقەی زانین بۆ رەوانەکان دیار دەدات، بۆیە هەر حەکیمێک لە خۆرهەڵات یان هەتا لە یۆنانیش بێت، ئیشراقین. جگە لە ئەرستۆ و خوێندنگەکەی نەبێ، کە ئەوان تەنیا بڕوایان بە مەنتق و بەڵگەداری هەبوو .

(٣)

ئێمە دەبێت درک بەمە بکەین، کە لەدایکبوونی حیکمەتی خۆرهەلاتی، وەک لەدایکبوونی فەلسەفەی خۆرئاوا نەبوو، هەروەها لەدایکبوونی حەکیمی خۆرهەڵاتی وەک لەدایکبوونی فەیلەسوفی خۆرئاوایی نەبوو. کە درک بەمە بکەین، دەبێت تێشبگەین کە مردنی حیکمەت و مردنی فەلسەفە، مردنی حەکیم و فەیلەسوف وەک یەک نابێت! بۆیەشە دەبێت درک بکەین لە خۆرهەلات و

خۆرئاودا، لەدایکبوونی دەق و مردنی دەقیش وەک یەک نابێت! وەک چۆن لەدایکبوونی نووسەر و مردنی نووسەریش وەک یەک نابێت!!

(٤)

مێژووی مردنی نووسەر لە خۆرهەڵاتدا، وەک مێژووی مردنی نووسەر لە خۆرئاوادا نییە، لە خۆرئاوادا، پێش "مردنی نووسەر" زنجیرەیەک مردن هەن، وەک مردنی مرۆڤ لای پلاتۆ، مردنی خودا لای نیتچە، مردنی هەست لای فرۆید، مردنی مێژوو لای فۆکۆ و مردنی نووسەر لای بارت و درێدا.

لە خۆرهەڵاتدا، خۆرهەڵاتییەکان دەقگەلێکیان هەن، کە لە بنەڕەتدا نە نووسەرکانی دیارن، نە خاک و شوێنی دەقەکانیش! ئێمەی کوردیش وەک بەشێکی رەسەن و بنەڕەتی لە حیکمەتی خۆرهەڵاتدا، دەقگەلێکمان هەن، نە نووسەرەکانیان دەناسین نە شوێنی دەقەکانیش دەزانین. بۆ نموونە ئێمە نازانین بەیتەکانی کوردی لە چ دەڤەرێک پەیدا بوون و لە چ ناوچەیەک گواستراونەتەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە؟ ئەم بەرهەمە نەمرانە لە سەر زاری حەیرانبێژ و لاوکبێژ و قەوالەکان گواستراونەتەوە و بە ئێمە گەیشتوون. ئیشراق و حیکمەت و فەلسەفەی ئەم دەقانە، بێ خاوەن و بێ نووسەرن، دەقگەلێکی فەلسەفی بنەڕەتین بۆ بیرکردنەوەی کورد و خۆرهەڵاتییەکان، کە فەیلەسوفەکانی دیار نین .

(٥)

کورد وەک بەشێکی کاریگەر لە بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی خۆرهەڵات، هەروەها وەک هاوبەشێک لە بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی مرۆڤایەتی، لە بنەڕەتدا خاوەن تەئویلێکی دیاریکراوی خۆیەتی، کە ئیشراقی و خۆرهەڵاتییە.

کردەی تەئویل لە دەقگەلی ئیشراقی و شەرقییەوە پەیدا بووە، چ لە خۆرئاوا یان خۆرهەڵات بێت. خۆرهەڵات خاکی بنەڕەتی تەئویلە. هێرمۆنۆیتیک، کە پێوەندی

هەر سێ مۆنادی بنەڕەتی (خودا، مرۆڤ و جیهان) دەناسێنێت و لەبارەیانەوە زانین بە مرۆڤ دەدات، لە لاهووتەوە دێت، لاهووت ئاسۆی بوون و بووناسییە بۆ تەئویل. خاکی ئەو بوون و بووناسییەش خۆرهەڵاتە.

(٦)

لەدوای راپەڕین، رەخنەی کوردی، ویستی بە پێی ئەو بیرکردنەوە فەلسەفییەی لە خۆرئاوادا پێشکەوت و کۆمەڵێ میتۆد و رامانگەلی رەخنەیی پەیداکرد، رەخنە لە دەقی نوێی کوردی بگرێت، ئەو دەقانەی خاوەن و نووسەرەکانی وەک "خۆری هەڵهاتوو" دیاربوون! بەڵام گوایە "واتای دەق" ناڕۆشنە و تاریکە و دیار نییە، دەبێت دیار بدرێت!

ئەگەر تەماشای زاراوەکانی ئیشراقی کۆن و تەئویلی نوێی بەحسێبی رەخنەگری کورد بکرێت، هەمان زمانی ئیشراقیی کوردییە، بەڵام بە واتاگەلێکی خۆرئاوایی. وەک چۆن خانووی کوردی بە کەلوپەلی بیانی پڕ دەکرێت و نابێت بە ماڵ! دەقگەلی رەخنەی کوردیش ئاوای لێهات! خانووی زمانێکی ئیشراقی، بەڵام بە واتاگەلێکی خۆرئاوایی، رەخنەیەکی وێران!

لە خۆرئاوادا، جگە لە پاشخانی مردن، هەروەها سەدساڵی کۆتایی ئەوان، بە تایبەتیش بە کاریگەری هەردوو شەڕی جیهانی، فەلسەفەیەکی رەخنەیی نوێ لەدایک بوو، کە لای ئێمە هەرگیز وا نەبوو. لە سەد ساڵی دواییدا، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، رەوشی ئێمە و وشیاری کۆمەلایەتی ئێمە بە نێو جیهانێکدا تێپەڕی، لەگەڵ خۆرئاوادا زۆر جیاواز بوو. رەخنەی کوردی بە هیچ جۆرێک تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە وشیارییەکی گشتی هاوشێوەی خۆرئاوا پەیدا

بکات. وشیاری گشتی کوردی، هەر لە فۆڕمی شیعرەوە بگرە تا دەگاتە چیرۆک و تا دەگاتە بەرگە فەلسەفییەکەیشی، جیاوازە. هەرگیزیش ناتوانێت خۆی لەم

وشيارییە گشتییە بدزێتەوە! نووسەری کورد لە خۆرئاوا بێت یان خۆرئاوا، هەر زادەی ئەو وشیارییە گشتییەیە کە لێرەدا پەیدای کردووە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش دەقەکان خۆیان شایەدن!

(٧)

ئەگەر رەخنەگری کورد، بیەوێت لە رەخنەیەکی کوردیدا، باسی مەرگی نووسەر بکات، دەبێت بۆ ئەو پاشخانە هزرییە بگەڕێتەوە، کە لە نێو دەقگەلی رەسەن و بنەڕەتی کورددا هەیە، تێگەی مەرگی نووسەری خۆرئاوایی یان هەر مردنێکی تر، پێش خۆرئاوا لێرەدا لای خۆمان، لە دەقە بێ نووسەر و خاوەنەکانماندا هەیە. بۆ ئەوەی شتێکی رەسەن و بنەڕەتی پەیدا بکەین، دەبێت پشت بە ناوەڕۆکی ئەم دەقانە ببەستین، چونکە ئەوانە هەڵگری حیکمەت و بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی ئێمەن بەرابەر بە خودا و جیهان و مرۆڤ! بێ گەڕانەوە بۆ ئەو رەوتە ئیشراقییە بە واتا فراوانەکەی، مەرگی نووسەر و هەر مەرگێکی تر، لە رەخنەی کوردیدا هیچ بەهایەک لە وشیاری گشتی پەیدا ناکات!

# زمانی خۆرهەڵات، خۆرهەڵاتی زمان

(١)


لە زمانی خۆرهەڵاتدا
هەوای ئۆڕشەلیمی دەوری خاچەکەی عیسا
دوکەڵی جەستەی مانی لە دەروازەی تەیسەفوون
مشکی نەورۆزی حەللاج لە بەغدا
بوون دەبێ بە برین، برینیش بۆ خۆی شتێکی ترە
خوینێ نەڕژاوی سورەوەردی دەنووسێ:
مرۆڤ خەنجەرە، خەنجەریش بۆ خۆی بازاڕێکی تری هەیە
جەنگاوەر ژەهر دەفرۆشێ و
ژەهریش بۆ خۆی زمانێکی تری هەیە.

(٢)

لە خۆرهەڵاتی زماندا یەزدان نوورێکی ڕەهایە و
نووریش بۆ خۆی عیشقێکی ترە
موقەدەس نیشتمانی ڕۆشنە و
نیشتمانیش بۆ خۆی خەونێکی ترە
تۆش گوڵیت و گوڵیش بۆ خۆی نەفسێکی ترە
من وەک ئەوەی هۆشەنگ بم و
هۆشەنگیش بەو برینە بێ خوێنەوە گیانێکی ترە!

## کاکە حەمە هاشم، برا و برادەر، هونەرمەند،

## دڵ و روحی کوردانە!




سورەوەردی لەم تابلۆیەدا، بەو سیما نوورانییە، تا بڵێی دڵگیرە، نازدارە، رەوانشادانەیە. چاوە تیژ و روانینە سۆفییانەکەی، کە لە مەستبوونێکی عیرفانانەدایە، پێدەچێت لە حاڵێکدا بێت، یەکێک لە رووناکییەکانی بەسەردا هاتبێتە خوار، لەو قژ و داو و تاڵانەی لەبن مێزەرە سپیواژییەکەی، وەک خەت و هێڵی رووناکی بەربوونەتەوە و ئیشراق دەکەنە سەر ریش و سمێڵ و رووخساری، کە جوانە!! زۆر جوانە هەر دەڵێی دەیەوێت بێت قسە لەگەڵ من بکات! مێزەرەکەی، رەنگەکان، سێبەری لۆچ و کەوتنە سەر یەکدی ئەو قوماشە تەنکە. وەستانی لەسەر ئەو سەرە بزۆزەی سورەوەردی! ریش و تاڵەکانی ئەو سمێڵانە وام

لێدەکەن، من جارێکی تر ریش و سمێڵم نەتراشمەوە! سێبەری پشت رووخسارەکەی و تێکەڵبوونی بە سەری سورەوە، هەمووی کوتلەیەکە لە گیانی راچەنیوی ئەو زاتە پاک و زندووە!

تۆ کارێکت کردووە، تا بڵێی جوانە، نایابە و دەستەکانت خۆش بێت، زۆر زۆر دڵخۆشم بەم دیارییە جوانە، ئەمە دوور لە لایەنە هونەرییەکە و کەلتوورییەکە، زۆر میهرەبانانەیە، دیارییەکت پێشکەش کردووم کە بەقەد بوونی خۆم، بوونی گوڵ و شینکاتی، بوونی درەخت و رووبار، ئاو و ئاسمان، خۆر و مانگ و هونەر.. و پەنچەکانی تۆ ناوازەیە!

ئەم کار و هونەرە، جیهانی من، دڵی من، رەوانی من لەم ژیانە شێواوەدا، وەک داربەڕوو رادەگرێت!

دەستخۆش و منەتبارم بەم دیارییە جوانە!

# حزووری مرۆڤانە
# لەبارەی (داستانی سەفەر)ی
# رۆماننووس (باهۆز مستەفا)وە

**هۆشەنگ شێخ محەمەد**




گێرانەوە لە رۆماندا، ئەو کاتە دەتوانێت وتارێک، یان رەمزێک، یان بەهایەک دابمەزرێنێت، کە لە رێی بیرکردنەوە و پەیداکردنی زمانێک بۆ دەربڕینی ئەم بیرکردنەوەیە پەیدا بووبێت. زۆربەی نووسینە راستگۆ و چاکەکان، بە واتای ئەوەی بەهای قووڵی ژیان و ئەزموونی مرۆڤ لەم جیهانەدا هەڵبگرێت. ئەوانەن کە لە رێی گێڕانەوەکەدا، بە چیرۆکێک یان چەند چیرۆکی مرۆییمان ئاشنا دەکەن. لە نێو چیرۆکەکاندا مرۆڤبوون حزووری دەبێت. لەگەڵ ئەم حزوورەدا، رۆماننووسیش تێگەیشتن و زمانێکی وا حازر دەکات، کە خوێنەر بباتە نێو قووڵایی ئەو حزوورەی لە نێو رۆمانەکە و بیرکردنەوە و زمانی نووسەردا هەیە.

گێڕانەوەی (داستانی سەفەر)ی نووسەر (باهۆز مستەفا)، لە سەرەتای خۆیدا، خودیی مرۆڤ، نەوەک سیفەت و خەسڵەتەکانی دەکاتە بنەمای گێڕانەوەکەی.

بەمەش خوێنەر زوو تێدەگات، کە نووسەر دەیەوێت، باس لە جەوهەری مرۆڤ بکات، باسی خود بکات. بەم واتایەی (خود) هەڵگری توانای بە مرۆڤبوونی کەسەکانە.

لێرەدا ئەگەر سەرنج لە هەردوو وشەی (مرۆڤ) و (کەس) بدەین، دەبینین یەکەمیان هەمەکییە و هەموو کەسەکان دەگرێتەوە، بەڵام کەس پاژەکییە و بەشێکە لەم گشتەی کە مرۆڤایەتی پێک دەهێنێ. لە نێو هەموو مرۆڤێکدا، کەسایەتییەک هەیە، کەسایەتیەکی جیاواز، نەرم، زبر، قوربانی، جەلاد، تووند و تیژ، میهرەبان، پڕ و بەتاڵ و هتد... ئەو کەسانە، لە نێو رۆماندا، دەبن بە کارئەکتەر. کارئەکتەر شێوە و ناوەڕۆکی ئەو کەسانەیە، کە رۆماننووس لە ژیانی واقعیدا بە راستی و بە خەیاڵ و وەهمەوە هەڵیاندەبژێرێت، دەستکارییان دەکات و شێوە و ناوەڕۆکێکی هونەرییان پێ دەبەخشێت، لە رێی ئەوانەوە داستانی مرۆڤ دەگێڕێتەوە!

نووسەر (باهۆز مستەفا)لە گێڕانەوەی ئەم داستانەدا، باسی (توانای مرۆڤبوون) لە نێو کەسانێکی هەرێمێکدا دەکات، کە ئەو توانایە لە ژێر دەستەڵاتی دیکتاتۆرییانەی رژێمی (بەعس) و ئەو دۆخەی حزبەکانی کورد لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ و رووداوی سیو یەکی ئابی ساڵی هەزار و نۆسەد و نۆهەت و شەشدا پەیدایان کرد، نەیتوانی ببێتە کردە و لە شێوەی مرۆڤێکی ئازاد و رێزلێگیراوەوە خۆی دەربخات.

راپەڕین بۆ کورد، دەروازەیەک بوو، تا کەسێتی کورد، وەک تاک، حزوورێکی مرۆڤانەی هەمەکی پەیدا بکات و بچێتە نێو مێژووەوە، مێژوو لە وشیاری کۆمەڵدا، ببێتە دەرخستن و رۆشنبوونەوەی ئەو وزە مرۆڤییەی لەنێو هەر تاکێکدا، چەندین ساڵە خەفە کراوە.بەڵام بە داخەوە، وشیاری گشتی کورد، ناتوانێت بە مێژووی موقەدەس بگات، بەو واتایەی مێژووی مرۆڤببونی خۆی دەست پێ بکات و بەرە باڵایی و رووناکی مرۆڤانەی خۆی هەڵکشێت. بە پێچەوانەوە، مێژووی ماددی، لە رێیٚ شەڕکەر و خراپەکارانەوە، ئەو وزەیە کپ و خەفە و مات دەکات.

نایەڵن ئەو توانایە بێتە دەرێ و کەسێتی کورد، وەک مرۆڤێک نیشانی جیهان بدات و لە نێو ئەو حزوورەدا ژیان بکات.

(داستانی سەفەر) گێرانەوەیەکی هونەرییانەیە، بۆ ئەو تاک و کەسانەی، دەبنە کارئەکتەر و بەرگری لە وزەی (مرۆڤبوون)یان دەکەن. نووسەر ئەمە دەگیرێتەوە، کە کەسانێک بۆ پاراستنی ئەو وزەیە، چۆن داکۆکی لە روح و رەمز و هێمای مرۆڤبوونی خۆیان دەکەن و دەیانەوێت، وەک مرۆڤێکی ئازیز، ئەزموونی جیهان بکات.

حزوووری مرۆڤبوون لە نێو خودیی گەلی هەرێمێکدا، کە لەسەر نەخشەی جوگرافی و سیاسی و مرۆڤایەتی ئەم جیهانەدا، شوێنێکی دیاری بۆ تەرخان نەکراوە. ئەوەی بەرگری لەو توانایە دەکات، تەنیا ئەو خودە خۆیەتی کە دەیەوێت مرۆڤبوونی خۆی لە نێو خۆیدا دامەزرێنێت. ئەگەر (دازایین)ی هایدێگەر بوون لێرەدا بێت. ئەوە داستانەکەی باهۆز مستەفا، حزووری مرۆڤبوونی ئێمەیە لێرەدا، کە گەرەکییێتی لە نێو جیهانی بچووکی خۆیدا، چاکە و فەزیلەت لە جیهانی گەورەدا دامەزرێنێت.

کۆمەڵە کەسێک، تەنیا خەون و وزەیەکی مەعنەوی و روحی، شک دەبەن تا سنوورەکانی ئێرە ببڕن و بە ئاییندەیەکی رووناک بگەن. بەو پۆتێنشیالەی وەک هێز لە ناخی هەر یەکێکدایە و ببێتە واقیعێکی کردەکی و کردەی (مرۆڤبوون)ی خۆیان لە نێو سستەمیکی دیموکرات و مرۆڤدۆستدا بسەلمێنن. ئەو هێزە لە نێو خودی کەسەکاندا حزوور پەیدا بکات و بیانکا بە کەسێکی چاکەخواز و راستیخواز لە جیهانێکی هەقیقیدا.

داستانی سەفەر، لە رووە ماددییەکەی تا بڵێی توندوتیژ و پڕ چەرمەسەری و ئازار و ئەشکەنجەیە، لە رووە رەمزییەکەی دەوڵەمەندە بەو هێزەی لە ناخی هەر کەسێکدایە، کە دەیەوێت وەک مرۆڤێکی بەڕێز و سەرفەراز و چاک بژیەت.

داستانی مرۆڤە سەرگەردان و پەشێوەکانە بۆ دۆزینەوەی ئەو شوێن و دەمەی ئەو حزوورە مرۆییە باڵ بەسەر جیهان و ژیاندا دەکێشێت.

داستانی سەفەر، سەفەرێکی نەرم و ناسک و نییانە لەگەڵ زمانێکی وەک ڕۆن سرک و وەک ئاو ڕەوان. زمان گێڕانەوەیەکی بێ گرێگۆڵ و ڕێکورەوان دەداتە ڕووداو و کەس و سرووشت و ئەو هێزەی لەنێویاندا لە بارە جیاوازەکاندا دەتەقێتەوە. ڕۆیشتن و لە قوڕ چەقین و مردن و لەدەستدانی کەسان و ناخ و ڕەمز و هێمای ژیانێکی شەڕافتمەندانە، لەدەستدانی ئابڕوو و عیزەتی نەفەس و سۆزیی گەرمی دایک و باوک و خۆشەویستان. هەموو ئەم بابەتانە، بەشدارن لە زمانێک کە بە دووی حزووری مرۆڤانەی خۆیدا دەگەڕێت، لە جیهانێکدا کە ئیمان و ئەقل و ئەڤین و ڕاستی تێدا سەرگەردانە!

دەستخۆشی بۆ نووسەر باهۆزمستەفا و ئەم کارە جوانەی.



# قوبادی جەلیزادە

# ئەفۆریزم
# قوبادی جەلیزادە

**هەڵبژاردنی: زانا خەلیل**

**ئەوەی لەناو ستڵەکە بوو**
**گۆشتی بەرخ نەبوو**
**مەمکێکی بڕاوی هاوسەرەکەم بوو**
**ئێستاش ئەو ستڵە فرمێسکەم**
**هەر بە دەستەوەیە.**

•

**کراسەکەی دایکم،**
**تژین لە تاڵە تیشک**
**هەر کە دەیانکاتەوە؛**
**شەویش بێت،**
**ماڵەکەمان پڕ دەبێت لە نوور.**

•

**دایکم دوو مێردی کردووە**
**یەکەمجار بە باوکم و**
**دووەمجار بە مردن.**

•

دوای مردنی تۆ دایکی ئازیزم
گوتم دەست بەجێ خۆم دەکوژم
کەچی ژیان؛
بێ رەحمانە چەکی کردم.
•

لەناو دۆڵابە کۆنەکەدایە - کراسەکانی دایکم.
بەیانییەک خوشکەکەم
دەرگاکەی کردەوە
ماڵەکەمان سەررێژبوو
لە گوڵ و پەپوولە.
•

دەسپێک پەیف بوو،
یەکەم پەیڤیش – لەش.
•

بۆق و
جنۆکە و
حوشتریش
لە زمانی مۆسیقا دەگەن.
•

سەد باڵم هەیە بۆ فڕین
بەڵام؛
لەناو قەفەسدام.
•

شەڕ:
دەستی گەیشتۆتە
لوتکەی ئێڤەریست
دەریای مردوو
ناو خیوەتەکانی ئەسکیمۆ.
•

پەیکەرتاش
بەردەکان دەکاتەوە بە مرۆڤ
مرۆڤەکان دەکاتەوە بەرد
رابردوو دەکاتەوە بە ئێستا
ئێستا دەکا بە داهاتوو.
•

وەک عیشقی
پەپوولە و گوڵ وایە
عیشقی پەیکەرتاش و بەرد.
•

بەهەشتین – نابیناکان
لە رۆژێکی زوقم و کڕێوەدا
چاویان بە منداڵێکی سواڵکەر ناکەوێت
رووت و قووت
دەست پانکاتەوە بۆ تیکەنانێ.
•

لە سۆماڵ، ژمارەی مێش
لە ژمارەی دەنکە گەنم زیاترە.
•

گەڵا فرمێسکی درەختە - پایز وا دەڵێ.
•

خۆر گیراوە
رەنگە لە قوژبنی ژوورێکدا
پاکیزەیەکیان کوشتبێت.
•

دایکم رۆژووی شکاند
شەڕ، بووکەشووشە.
•

لە دەروازەی هەموو ماڵێکدا
مینێك هەیە
لەبەر پێی ئەو نابینایانە دەتەقێتەوە
کە داوای پارویێک رووناکی دەکەن.
•

ئای ئەمازیغ ..
هەمان "کێبڵ" ە؛
پشتی تۆ دەکاتە گۆمی خوێن
پشتی منیش.
دوو
گەردن و
یەک
پەت.
•

ژن
لەخوێنمدا
بوو بە خڕۆکەیەکی دکتاتۆر.
•

هەورامان
پڕ
پڕە
لە دز
ژنەکان؛
دڵ دەدزن و
سمۆرەکان
گوێز.
•

بۆنی عەتر دێ
خاکە،
بە رووتی چۆتە بەرباران.
•

بۆنی خاك دێ
وەک بۆنی عەتری ژنێک وایە
خۆی دابێتە بەرڕێژنەیەک عەتر.
•

چەند ئێسک گرانە مردن
تنۆکێک بەزەیی لەگەڵ خۆیدا هەڵناگرێ .
•

بە هیوام
ئەو شەوەی دەمرم
سەرینەکەم
بۆنی ژنی لێ بێت
تەنیا بۆنی
ژن.
•

لە دوای مردنم، هیچ بەجێناهێڵم
جگە لە دەستنوسێکی شیعر
میراتگرانم لەسەر گۆزەشیعر
یەکتری ناکوژن.
•

# لەش


قوبادی جەلیزادە



بڵاوکردنەوەی هەموو قەسیدەیەکی ئیرۆتیکی و پۆڕنۆیی کێشە بۆ شاعیرەکە دەنێنەوە، زۆربەی ئەوانەی پێی سەغڵەت دەبن زۆرینەی خەڵکن. بەڵام هێندێک لەو سەغڵەتچیانە لەدەوروبەری شاعیرەکەن، زۆر جار ئەو سەغڵەت بوونە لە خودی ئەندامەکانی ناو خێزاندایە .سێکس مەسەلەیەکی حەیاتی زۆر گرنگە دەبێ جێی بایەخی هەموان بێت . سێکس تەنیا ئەو لەزەتە بێ هاوتایە نییە کە دوو تێکەڵبوەکە دەیچێژن بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ هەبوون وبەردەوام بونی بەنیادەم بەسەر گۆی زەوییەوە .تۆ وەرە سەد ساڵێک ئەندامی مێینە قفڵکە، ئیدی گۆی زەوی چۆڵدەبێ لەو بوونەوەرە هۆشمەندە کە لەسەر دوو قاچ بەپێوەیە ، کە مرۆڤە .پێرۆزترین پەیوەندی دوو بوونەوەر بەلای منەوە سیکس کردنە ، کە ڕوەک و گیانلەبەرانیش لێی بێبەش نین.هەردوو ڕەگەزەکە لە پرۆسەی مومارەسەی خۆشەویستیدا ،لەمەسەلەی چێژ وەرگرتندا یەکسانن. لەوی سیستەمی باوکسالاری هەڵدەوەشێتەوە، ڕەنگە لە هێندێ حالەتدا ژن سالاری دەسەڵاتی یەکەم بێت . دیارە سیکس کردنی ئارەزومەندانەم مەبەستە نەک سیکس کردنی ئەمیرێک لەگەڵ سەبییەو کەنیزەکدا .شیعری ئیرۆتیکی تەنانەت پۆڕنۆییش قسە کردنە لە سەر پیرۆزی جەستە. گواستنەوەی جەستەیە لە نیشتمانی عەورەتەوە بۆ نیشتمانی شکۆمەندیی ، جەستە لە سیکس کردنا ،نەک پیرۆزیەکانی لەدەستنادات، بەڵکو گەشەشی پێدەدات و تێکەڵبووان هەست بەو شکۆیە زیاتر دەکەن لە جەستە

خاوەنداری دەکات .دیارە سێکس کردن مەرج نییە هەر لە چوارچێوەی گرێبەستێکی هاوسەرگیریی دابێت، ئەم شەرعییەت دانە بە سێکس کردن لەچوارچێوەی گریبەستی هاسەرگیرییدا، گەلێک جار-نەک هەموو کات - ڕێگە بۆ لاقە کردن خۆشدەکات و مانایەک بۆ خۆشەویستیی جەستە ناهێلێتەوە.قوربانیەکەش بۆی نییە بچوک ترین داکۆکی لەخۆی بکات .گەر هەر یەکێک لە ئێمە، هێلێکی ڕاستو چەپ بەسەر جەستەی خۆیدا بهێنێت ، ئیدی شتێک نامێنێتەوە ناوی بوونی خود بێت. ئێمە هەین چونکە لەشین.چونکە مادەین ،دەنا روح وەهمە و لەوەهم زیاتر شتێکی دیکە نییە. روح دەستکردنی عیرفانەکانە کەناتوانن ئیدارەیەکی دروستی لەش بدەن ، بۆیە لەدەستی ڕادەکەن و بەدوای بەدیلێکدا دەگەڕێن، تا ئەو بۆشاییە گەورەی پێپڕ بکەنەوە .ئاسەوارە کۆنەکانی ڕۆمان و گریک و هیندو چین و وڵاتی فارس و ئەوانی دی کە بریتین لە پەیکەرو هەڵکۆڵین و وینەو کتیبی ڕوتەمەنیی دەیسەلـمینن، کە دەسەڵات و خەلک لەو سەردەمانە چ بایەخێکیان بە ئیرۆتیک وپۆڕن داوە. ڕۆمانەکان نەک پەیکەرە ڕوتەکانیان دەشاردەوە بەڵکو ماڵ و کۆڵان و ڕێگاکانیان پێ دەڕزاندەوە. بەداخەوە دواتر کەنیسە ڕۆڵێکی نەرێنی بینی لەبەد ناو کردنی ئەو ئاسەوارانە .تەنانەت هیندێ لە پەیکەرانەیان لە موزەیەکی نهینی حەشاردا .یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی لەش، چێژبەخشین و چێژوەرگرتنە. گەر بەکارنەهات، وەک ئەو جلکە وایە لەناو دۆلابێکا هەڵتگرتبێ و و نەیکەیتە بەرت. یان ئەو دەفتەر دۆلارانە وان لە قاسەیەکا حەشاری دەیت و خەرجی نەکەی. جونکە تەنا لەخەرجکردنیدا قورساییەکەی دەردەکەوێ دەنا وەک گوژمە قاقەزێکی بێ کەڵک دەمێننەوە. جەستە خەسڵەتی ئاوی هەیە گەر لەبەری نەڕوات ئەوا وەک گۆمێکی داخراوی لێدێت و بۆگەن دەکات .ڕاکردن لە جەستە و باوەش کردن بەڕۆحدا، هەڵاتنە لە حەقیقەت و خۆڕادەست کردنە بە وەهمدا.

# بۆ ڕووباری دەگێڕمەوە



**شیعری: قوبادی جەلیزادە**
**لێدوانی: ڕێبوار سیوەیلی**

**_1_**

**چۆلەکەیەک**
**ژنێکی خۆشدەوێ**
**تەنیا لەسەر ئەو دارتێلە دەخوێنێ**
**کەبەرامبەر بالکۆنەکەیانە**

**لە نیگای یەکەمدا چەند پێکهاتەیەکی سرووشتی دەبینین: کە (چۆلەکە، شنە، درەخت، باران، مانگ، سەگ)، بە مانایەکی دیکە، ئێمە لەبەردەم: (باڵندە، درەخت، هەوا، ئاو، ڕووناکی، ئاژەڵ) داین. قوباد ئەم ناو و ڕەگەزانە پێکەوە لە یەك شوێندا کۆ دەکاتەوە کە (من)ـە. ئەمە بیرکردنەوەی شاعیرانەیە بۆ دەستگرتن بە جیهانەوە. شاعیران هەمیشە دەیانەوێت دەست بەجیهانەوە بگرن، چونکە ترسی لە دەستدان و لەبەریەك هەڵوەشانی جیهان مەراقی شاعیرە. بۆیە (من)ی خۆیان دەکەنە دەفرێك بۆ ئەوەی جیهانی باوێنە ناوی. ئەمە بوێرییەکی بەرچاوی**

شاعیرانی ڕاستەقینە و ڕەسەنە .شێوازی سەرنجڕاکێشانی ئێمە بۆ ئەمکارە، لە وێنەیەکی سادەوە دەستپێدەکات: چۆلەکەیەك لەسەر دارتێلی بەرامبەری ماڵەکەیان دەخوێنێ. هیچ چۆلەکەیەکی لەمشێوەیە لە دنیادا نییە. ئەمە چۆلەکەی ناو شیعرە، کە شاعیر بەمجۆرە دروستیکردووە. کێشەکە لەوەدا نییە ئەم چۆلەکەیە هەیە یان نا. ئەوەی وا دەکات بڕوا بەم کۆپلەیە بکەین، ئەو هەستەی دەروونی خۆمانە، کە بەم کۆپلەیە دەخرۆشێت. هاندانە بۆ ئەوەی لەم دیمەنەوە بێینەوە ناو خۆمان، خۆزگە بخوازین. چێژەکە لەمەدایە کە چ هەستێك لە ناخی ئێمەدا بێدار دەکاتەوە.

_2_

شنەیەک
ژنێکی خۆشدەوێ
چی شووشە عەتری بنکەگوڵەکان هەن
بۆی دەڕفێنێت

هەمیشە بیستبوومان و کولتووریش لەمەدا پاڵپشت بووە، کە شنە نسرمێکی هەواییە بۆ فێنکردنەوە. ئەمە لە فەرهەنگی شاعیردایە، کە شنە دەبێتە عاشق و عەتری گوڵەکان بۆ خۆشەویستەکەی دەبات. شاعیر ئەمە لە خەیاڵدا دادەهێنێت و دەیکات بە وشە و وشەکانیش دەبنە جێی بڕوا. ئێستە کەس ناتوانێت بڵێت ئەمە درۆیە، چونکە شنە عاشق نابێت و عەتردزیش نییە! شاعیر دەیەوێت جیهان بەمجۆرە بسازێنێتەوە و پەیوەندیی شتەکان و ڕەگەزەکان و پێکهێنەرەکان دەستکاری بکات. ئەم وێنەیە ڕۆحی گیانفیدایی و ژیان لە پێناوی ئەویتردا بیر دەخاتەوە. شاعیر سەرنجمان بۆ پەیوەندییەك ڕادەکێشێت کە نییە، بەڵام شیاوی پێشبینیی و خەیاڵلێکردنەوەیە. ئەمە ختووکەی خەیاڵی ئێمە دەدات و ئاراستەمان دەکات بۆ بینینی ئەو پەیوەندییەی کە دەسەڵاتی خەیاڵ و وشەکان دروستیان کردووە. ئەمە هێزی پەروەردەکارانە و ئاراستەکەرانەی شیعرە، کە دەتوانێت پەیوەندییەکان دەستکاری بکا و مرۆڤ وا لێبکات بە جۆرێکی دیکە بیر لە ژیان و جیهان بکاتەوە.

_3_

درەختێک
ژنێکی خۆشدەوێ
تا دەچێتە سەرکار و دەگەڕێتەوە
بۆی دەبێ بە؛
ورشە ورشی سێبەر

هەموو دەزانین کە درەخت لە شوێندا جێگیرە، کەچی شیعر بە جوڵەی دەخات و ناچارمان دەکات وەك سەیوانێك ببینین، کە بەدرێژایی ڕێگای چوون و گەڕانەوەی ژنەکە بۆ سەر کار و هاتنەوەی بۆ ماڵ، لەگەڵیدا دەچێ و دێتەوە. خەیاڵکردنەوە و هێنانەپێشچاوی ئەوەی درەختێك شوێنگۆڕکێ دەکات، لە ڕوانگەی سرووشتنۆڕییمانەوە، شتێکی بێ مانا و مەحاڵە، کەچی شاعیر ئەمە دەخاتە زەینمانەوە و بچووکترین بەرگرییش ناکەین. کەسمان بیر لەوە ناکەینەوە، ئەوەی لەم سەفەرەدا جوڵە و شوێنگۆڕکێ دەکات، درەخت نییە، بەڵکو خەیاڵ و هزری ئێمەیە، کە لە ڕێگەی وشەکانی شاعیرەوە، هاوشوناسیی لەگەڵ درەختێکی گەڕۆکدا دەکات و خۆمان وەك درەختەکە دەبینین، کە هەمیشە بووینەتە سێبەر بۆ خۆشەویستەکەمان.

_4_

باران
ژنێکی خۆشدەوێ
هەمیشە بۆی دەگری
نایەڵێ جلەکانی سەرتەنافی
وشکببنەوە.

نایەوێت بڵێت: باران دەیەوێت هەمیشە ژنەکە بە ڕووتی ببینێت، کەچی دەڵێت بۆی دەگری و ناهێڵێت جلەکانی وشك ببنەوە! لەگەڵ ئەوەشدا وێنەیەك دروستدەکات، کە ئێمە بخاتە سەر ئەو خەیاڵە و وێنەکە ئەوە دەڵێت کە وشەکان بە جۆرێکی دیکە گوتویانە. ئەمە دەسەڵاتی شاعیرە بۆ گوتنی شتێك و وێناندنی شتێك لە زەینی ئێمەدا، کە لە مانای یەکەیەکەی وشەکاندا نییە. بۆیە ناچارمان دەکات بۆ مانای دیکە بگەڕێین و ئەو ویستەمان تێدا بێدار دەکاتەوە. هەرچەندە باران مێینەیە، کەچی بە خەیاڵەکە دا دیارە پیاوێك ئەم وێنەیەی دروستکردووە. ئەوە باران نییە، ئەوە پیاوێکە دەیەوێت وەك باران بەسەر ڕووتیی ژندا ببارێت و چەتوونانە بیر لەوە دەکاتەوە کە باران نەهێڵت جلەکان وشك ببنەوە.

_5_

مانگ
ژنێکی خۆشدەوێ
کە لەئاسمانا گومدەبێ
لەژووری نوستنەکەیدا
دەبێ بە؛
ئاوێنە.

بینینی مانگ لە شێوەی ئاوێنەدا داهێنانێکی وێنەیی بەرزە. ئەم دەستکارییکردنەی شوێنی مانگ و هێنانەخوارەوەی بۆ ژووری نووستن لە شێوەی ئاوێنەدا، شێتیی و شەیدایی شاعیر بۆ ژن دەخاتە ڕوو. دەستکاریکردنەکە بە چەند ئاستێکە: یەکەم مانگ لە پێکهاتەیەکی گەردوونییەوە دەکاتە شت، بەڵام پەیوەندیی بە ڕووناکییەوە دەپارێزێت، چونکە ئاوێنە، ڕووناکاییش دەهێنێتەوە یاد. دووەم: مانگ لە ئاسمانەوە دەهێنرێتە سەر عەرد و ناو ژووری نووستن. ژووری نووستن خۆی دەبێت تاریك بێت، بەڵام کردنی مانگ بە ئاوێنە پێشمەرجی

ڕووتیی ژنەکەش لە ژوورەکەدا، دەخاتە ڕوو. کەواتە لە ڕووتیی ئەوەوە ئاوێنەکە ڕووناکیی وەردەگرێت. وەکچۆن مانگ ڕووناکی لە خۆرەوە وەردەگرێت. لێرەشەوە، ژن هەر وەك ژن نامێنێت و دەبێتە بوونێکی ڕووناکیبەخش و نوورین. کە تۆ شاعیر بوویت دەزانیت چۆن وشەکان پێکەوە دابنێیت و ڕیزیان بکەیت و وێنەیەکی شیعری بەرز و ناوازە دروستبکەیت.

**_6_**

سەگێک
ژنێکی خۆشدەوێ
لەبەردەرگای ژوورەکەیا پاڵدەکەوێ
تا ڕۆژ دەبێتەوە،
بۆن بەکەوشەکانییەوە دەکات.


ئەمە وێنە نەرێتییەکەی نێو شیعری کوردییە، شاعیرانی دیکەش گوتویانە: (خۆزگەم بە سەگی بەردەمی قاپی)! لەگەڵ ئەوەشدا پاڵکەوتنی ئەم سەگە لەبەردەم دەرگای ژوورەکەدا، پاڵکەوتنێکی ناچالاك و پاسیڤ نییە. بۆ خەوتن و پشوودان نییە، پاڵکەوتنێکی سۆفییانە نییە لە چاوەڕوانییدا، بەڵکو بەردەوام بۆن بە کەوشەکانییەوە دەکات. بەردەوام زیکری هەڵمژینی ئەو دەکات. ئەوەش ئاساییە کە بۆنکردن هەستێکی هەرە باڵای سەگە و لە ڕێگەی بۆنکردنەوە جیهان و دەروروبەر دەناسێت و دەستنیشانی دەکات، بەڵام لە کولتووری ئێمەدا کەوش هەرگیز بۆنێکی خۆشی نەبووە. بۆنی کەوشی ژنەکەی قوباد، ئەوەندە خۆشە کە ناهێڵێت سەگەکە لەکاتی پشوودانیشدا ئۆقرە بگرێت. لێرەدا بۆنکردن هەر بۆنکردن نییە، بەڵکو هەڵمژین و هێنانەناوەوە و بە هیی خۆکردنیشە. قوباد دەیەوێت پەیوەندیی ئێمە بە ژنەوە وەك پەیوەندی سەگ بە بۆنکردنی کەوشەکانەوە لێبکات.

_7_

بۆ ڕووبارم گێڕایەوە
کە؛
چۆلەکەکە.
شنەکە.
درەختەکە.
بارانەکە.
مانگەکە و سەگەکە؛
منم
من!!

(من)ێك جیهان لە خۆیدا گل دەداتەوە. فرەیی دەهێنێتە ناو یەکایەتییەوە. یاخود یەکایەتی بەسەر فرەیی و هەمەڕەنگییدا دابەش دەکات. ئەمە ئەو جۆرە شیعرەیە کە ستایشی جیاوازیی دەکات، پێمان دەڵێت ژیان لە جیاوازییدایە و پێویستە (من)ی ئێمە شوێنی ئەم جیاوازییە بێت. لەوێشەوە (من) نەك هەر لەتوپەت نابێت، بەڵکو خۆی دروستدەکاتەوەو لە (من)یکی خۆپەرستەوە دەبێتە (من)ێکی عاشق و ژیانویست. لە (من)ێکی بچووکی ناو جەستەیەکی مەرگینەوە، دەبێتە (من)ێکی گەردوونیی و دەفرێك کە جێی ئەو هەموو جیاوازییە ببێتەوە. شیعرەکە سەرەپا ڕوانگەیەکی ئەویترویستانە و ژیاندۆستانە و مرۆڤدۆستانە دەخاتە ڕوو. دەقێکە ئەڤین دەکاتە وزەیەکی بەگەڕخەری ژیان و (من)ی پێ پڕ دەکاتەوە لە بەردەوامی. دوایی هەموو ئەمە دەداتە دەست گۆڕان و جووڵە، دەیداتە دەم ڕووبار و چیرۆکەکە هەمووی بۆ ڕووبار دەگێڕدرێتەوە. وێنەی ڕووبار لێرەدا جوڵەی بەردەوام و ڕەوانییمان بیر دەخاتەوە و هیراکلیسییانە بوون پێناسە دەکاتەوە. شاعیر لە گوێی ڕووبارێك دەبینین نەك بۆ هەڵڕشتنی خەم و دەردەدڵی، بەڵکو بۆ سازدانەوە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی جیهان و پەیوەندییەکان. (من) خۆی بەتاڵ ناکاتەوە، بەڵکو خۆی پڕ دەکاتەوە. پێویستی ئەم جۆرە شیعرە لە ڕۆژگاری ئێستادا، هەر تەنیا خەیاڵێکی شاعیرانە و زمانبازیی شاعیرێك نییە، هێندەی ئەوەی هەستکردنە بە ئاراستەی سڕینەوەی جیاوازیی و

**هەوەسیبوونەوەی عیشق و بەتاڵبوونەوەی خود لە وزە نەمرە ژیانویستییەکەی. شاعیرەکە ئەم وێنانە دەسازێنێت، تا لەو مەترسییەمان ئاگادار بکاتەوە.**



# قەرەنی جەمیل

# مردنی هونەر و زیندوبوونەوەی



قەرەنی جەمیل

هونەری شێوەکاری مێژوویێکی تایبەتییە کات و شوێنی خۆی هەیە، کە جیاوازە لەگەڵ ئەو مێژووەی بۆی تۆمارکراوە و نوسراوەتەوە، تاڕادەیەک خۆی ڕەنگدانەوەی فیکری و خەسڵەتی هەموو قۆناغێکی ئینسانیی بووە و مێژووی هۆکارە هەرە گرینگەکانی بوون و نەبوونی (موبەریراتەکانی) پەیوەست بە چارەنووسی مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئینسانی بووە. سروشت، بوونی مرۆڤ، ئایین، هونەر وەک (تەبریر) کاری لەسەر کردوون و هەمیشە بەشێوەیەکی پڕ لوغز و بەهادار، هونەرمەندان لە کارە هونەرییەکانیاندا، لە قۆناغە جیاجیاکان بە وێنە دایانڕشتوون. هونەری کۆن وەک دەربڕین و داهێنان زۆر جیاواز بووە چ لە ڕووی داڕشتنی فیکرە چ لە ڕووی هەبوونی (تەبریر) بۆ بە وێناکردنی بابەتی سەردەمی خۆی. لەسەردەمی گریک پەیکەر کاری سەرەکی پێکهاتەی هونەر بوو ئەویش بۆ داڕشتنی ئەو خوداوەندانەی کە ئینسانی ئەو سەردەم بە پێویستییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیان زانیوە، کە هونەرمەند وەک ئینسان خوداوەند دروست دەکات و لە کەش و هەوای ئازاد، لەناو سروشت، لە دەرەوەی شوێنی داخراو دایاندەنان و دەیانپەرستن. ئەمە وەک (تەبریر) بۆ هونەر نایێتەوە بەڵکو پێداویستییە ڕۆحییەکانی کۆمەڵگەی نوێی پێ دەهێننەکایەوە و لە هەمان کاتیشدا گەڕانێکی


بەردەوامە بۆ لوغزی هێزێک کە بۆ ئینسان هەمیشە، چ سروشت چ بوونی خودی خۆی، جێگەی بەدواداگەڕان بووە.
بەڵام لە سەردەمی کریستیانیدا، پاش ئەوەی کە ڕۆما وەک هێزێکی نوێی دین و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی هاتە سەر ڕووالەت و ئەو ئایینە تەواو لە دەروونیاندا چەسپا، ڕۆڵی هونەر و تەبریرەکانی بە تەواوی گۆڕا، هەروەها هونەر لەوە دەرچوو کە بەدوای خودادا بگەڕێت، بەڵکو لێرە (خودا هەیە و خالقە)، مەسیحیش پەیامی ئەوی هێناوە و هەموو لە پێناو ئەودایە. لێرەدا کە هونەر پانتایی بینینە، ئەو بابەتانەی کە هونەرمەندی داهێنەر دایدەرێژێت بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی، خوێندەوار یا نەخوێندەوار، دەوڵەمەند یا هەژار بە یەک ڕێگە کاریگەریی خۆیان دەگەیەنن .
سەردەمی ڕێنسانس لە ئیتالیا، لە سەدەکانی چواردەم و پازدەمدا، لە (جیۆتۆ) تا کۆتایی ئەو سەردەمە و تەنانەت قۆناغەکانی دواتریش لە (بارۆک و ڕۆکۆکۆ و تا ڕۆمانتیکی...)، سەردەمی هونەری باڵا و پیرۆز بوو، سەردەمی بە دیمەنکردنی (ئینجیل) کتێبە پیرۆزەکەی ئایینی مەسیحی بوو، هەر وەک (گادەمێر) دەڵێت هونەر لەو سەردەمەدا ئینجیلی هەژار و نەخوێندەوارەکان بوو، کە تێکڕای تابلۆ و پەیکەرەکان، ناوەڕۆک و چیرۆکەکانی نێو کتێبی پیرۆز بوو و زۆر بە ئاسانی دەگەیشتە خەڵکی سادە و ساکار. لێرەدا تەبریری هونەر لەو کتێبە پیرۆز و ئایینی مەسیحی زیاتر تێنەپەڕیوە، بەڵکو پیرۆزیی ئەو هونەرە و بەهرەی هونەرمەندان بۆ گەیاندنی پەیامی مەسیح و هێزی خودا بووە،کە بە ڕێگەی چێژی هونەریی کۆمەڵ دەگەیشتە ناخی ئەو مرۆڤە ساکار و سادەیەی ئەو سەردەم. هەر ئەو تەبریرەشە هونەری ئەو سەردەمەی وا بەرز و پیرۆز ڕاگرتبوو و تەواوی شەرعییەتی ڕەهای پێبەخشی بوو. هونەرمەندیش وەک مرۆڤێکی بەهادار و پیرۆز، وەک کەسایەتییەکی ڕەها پڕ لوغز و حیکایەتئامێز لەنێو کۆمەڵگەدا جێگای خۆی کردبووەوە .



نموونەی (میکێلئانجلۆ) زۆر ڕوونە، گەر کارە مەزنەکانی پەیکەر، وەک (داڤید، موسا، پێتا... و زۆری دی) و وێنەی سەر دیوار و بنمیچی کەنیسەی سستین لە فاتیکان ببینین، تەواو کتێبی پیرۆزن و بەڵام بە شێوەیێکی بێ وێنا و نایاب، کە مەحاڵە کەسێکی دی بتوانێت ئەم کارە دابڕێژێت، وێنای کردووە. بێگومان ئەوەش هۆ و تەبریری شوهرەت و شەرعییەتدانە بە توانای داهێنەرانەی کەسی هونەرمەند و جیاکردنەوەی لە گشتیی کۆمەڵگا، تەنانەت وەک (ڤازاری) دەڵێت ئەمە بەهرەییێکی خوداییە، هەر لەدایکبوونییەوە خودا بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەی ئایین پێی بەخشیوە.

بەم جۆرە هونەرمەند لە کۆمەڵ جیابۆتەوە و چیرۆک و داستانی زۆری لەسەر دروست کراوە، وەک ئەفسانە لە نێو خەڵکی سادە و نەخوێندەوار دەگێڕدرێتەوە، بۆ نموونە دەگێڕنەوە کاتێک میکێلئانجلۆ پەیکەری موسا پێغەمبەری تەواو کرد، خۆی بڕوای نەکرد کە ئەوە پەیکەرە، دایە بەر چەکوشان و هاواری دەکرد (قسە بکە!). یا لەسەر لیۆناردۆ دەگێڕنەوە وێنەی دزێک دەکێشێت بە شەو لەماڵەکەی، دزەکە ئاشکرا دەبێت. یاخود جیۆتۆ منداڵێکی شوان بووە و بەهرەییێکی خودایی هەبووە لە نیگارکێشان. ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەو بەهرە هونەرییە خوداییە تەنیا لای ئەو جۆرە کەسانە هەیە، بەڵام ئەم چیرۆکانە لە واقیعدا هیچیان

ڕووینەداوە، کۆمەڵگە وەک لوغزی هونەری بۆ ئەو هونەرمەندانە لە پێناو بتەوکردنی تەبریر و قەناعەتە ئایینییەکەیان، پێدانی شەرعییەتی کۆمەڵگا بۆ ئەم جۆرە بابەتە هونەرییانە و بەرزکردنەوەی کەسایەتیی هونەرمەند دروستیان کردووە، بۆ ئەو هونەرەی کە لەپێناو ئاسانکاریی گەیاندنی ناوەڕۆکی کیتابی پیرۆزەوە بۆیان دێنێتە ئەنجام.
تەبریری هونەر لە قۆناغەکانی دوای ڕێنسانس، تا ئەو کاتەی پەیوەست بووە بە ئایین و وێناکردنی نەهێنییەکانی مەسیح و خودا، هونەر وەک ڕۆحێکی گەورەی کۆمەڵگە، زیندوو بووە، (بێگومان دەسەڵات وچینە باڵادەست و دەوڵەمەندەکانیش لە نێو کۆمەڵگەی ساکار، وەک نوێنەری ئەو ئایینە و بەرپرسیاری بوونە .



ئەو دۆخە ژیارییە پیرۆزەی هونەر کە لە سەردەمی ڕێنسانسەوە (لە مازاشیۆ و جیۆتۆ و زۆری تری هاوسەردەم)، تا قۆناغەکانی دواتریش هەر بەردەوام بوو، هەرچەندە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات، شانبەشانی گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگە و پێشکەوتنی لە زۆر ڕووەوە، وەک کشتوکاڵی و هەندێ پیشەسازی و سەرهەڵدانی چینی پایەداریی ئابووری و ڕۆشنبیری، تا دوا قۆناغی پیرۆزداریی هونەر کە سەردەمی ڕۆمانتیکییە، ئەویش بە شێوە باڵاکەی وەک داهێنانی ئینسانی و یەکسانیی نێوان رۆح و ماتێریاڵ، لە هەمان کاتیشدا بوونی پەیوەندی سیحری و ئێستێتیکیی نێوان مرۆڤ و شاکاری هونەری، دەپاراست و پەیڕەوی دەکرد .
بەڵام هونەر بەرەو ترازان و جیابوونەوە لە ئایین ڕۆیشت. لێرەدا دوا هەناسەی پیرۆزیی هونەر و ئەندێشە و لوغزی هونەرمەند کۆتایی هات، تەنانەت پێوەری ئێستێتیکی و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەکان کە هەمیشە پەیامەکانی مەسیح و خودایان تێیدا ئامادە ببوو بەرەو ئاسۆ، هێدی هێدی ونبوو، لەجێگەی ئەو، مردنی

هونەر (وەک لاشەیێکی پارچە پارچە بوو، سەری هەڵدایەوە) و بە زیندووبوونەوەی هونەریان دانا.
کۆمەڵگەی وڵاتە ئەوروپییەکان کە هەمیشە لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابووری و عەقڵیدا بوون، وەک سەردەمانی پێشوو پێویستیان بە ئایین و خودا نەمابوو، تێگەیشتن هاتەئاراوە و عەقڵ جێگەی دینی گرتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دینی مەسیحی وەک بنەمایێکی زیندووی کۆمەڵگە، بە شێوەیێکی نەتەوەیی نوێ، جیا لە کۆن، پەیڕەو دەکرا و شانازی زۆری پێوەدەکرا .
لە کۆتاییەکانی سەردەمی ڕۆمانتیکیدا پێشکەوتنی زۆر و گەشەسەندنێکی بەرچاو لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە وەک ئابووری و پیشەسازی، هەروەها سیستەمی کۆمەڵگە بەرەو ڕووگەیێکی ماتێریاڵی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا ڕۆیشت، ئەویش وایکرد هونەرێکی نوێ سەرهەڵبدات، هونەرێک کە سۆز و ئەندێشەی خەڵک و پیرۆزیی هونەریی ڕێنێسانس و ڕۆمانتیکی ترازاند و ڕێگەیەکی دی گرتەبەر.
سیزان هەر لە سەردەمی (دیلاکروا) بە ستایلێک هاتە نێو مەیدانی هونەری کە بە پێوانەی ئاستی هونەری و ئێستێتیکای ئەو کات زۆر دوور بوو، تەنانەت لەو پیرۆزییە ئایینییەی هونەریش دەرچووبوو. لەم حاڵەتە ئەم شێوازە شەرعییەتی کۆمەڵگە وەرناگرێت ئەگەر تەبریرێکی پیرۆزی نەبێت بۆ بەردەوامبوون و ژیانەوەی ئەو هونەرەی کە مردووە. بەڵام کە هونەرێک بەم شێوە جیاواز و ڕادیکاڵییە دێتەکایەوە هەڵبەتە بەدوای تەبریر و هۆکارەکانیدا دەگەڕێت بۆ چەسپاندنی خۆی. بەڕای گادەمێر، شێوەیێک لە ئێستێتیکایێکی سەربەخۆ و ئازاد وەک بنەمایەک بۆ ئەزموونێکی تری ئێستێتیکی، ڕێگە بۆ هونەرێکی مۆدێرن ڕووناک دەکاتەوە کە بە بەسبوونی خودی خۆی بێتەکایەوە. لێرەدا ئێستێتیکایێکی سەربەخۆ، پچڕاو لە مێژووی ڕابردووی هونەرە پیرۆزەکان، دوور لە تەبریرە ئایینییەکان و پیرۆزیی هونەر، هونەرێکی سەربەخۆ و ئازاد، بێ لایەنگری، خۆی بۆ خۆی دێتەکایەوە و شەرعیەتی کۆمەڵگەی نوێ و عەقلانی، وەردەگرێت.



بێگومان نەمانی (تەبریری) ئایینی و دەربازبوون لە خودا و مەسیح و هەموو چیرۆکە ئەفسانەییەکان، وایکرد لە نێو ئەو ئازادییە ڕەهایە جۆرەها ڕێباز و شێوازی هونەری بێتەکایەوە، لە هەمان کاتیشدا زەمەن تیژڕۆتر بێت، شانبەشانی ئەو گەشەسەندنەی بواری پیشەسازی و بیناسازی، هەروەها وای کرد بەرهەمی هونەری تەنیا تابلۆ و پەیکەر نەبێت بەڵکو چەندین شێوە و کەرستەی هەمەجۆر و ماتێریاڵی دی بکەوێتە نێو ئەو بازاڕە گەورەیە، وەک ڕەنگدانەوە بۆ سیمای چەرخی نوێ، هونەرێکی نوێ ڕواڵەت بگرێ .

ئەو هونەرەی کە رۆح دەدا، هونەری کلاسیکییە، کە لە هاوسەنگێکی ڕێک و دروستیی نێوان ماتێریا و ڕۆحدا لەدایک بووە و گەشەی سەندووە. شکانی ئەو تەوازونە، لە پێناو ئەو هونەرە نوێیە، (تەبریرەکان) دەگۆڕێن و شێوازێکی تر دێتە ئارا. تەنانەت زۆریش بوون، هەر ڕێبازێک لەسەر فیکرەیەک یا بابەتێکی هاوسەردەم، کاری دەکرد، وەک ئیمپرێسیۆنیزم، ئێکسپرێسیۆنیزم، کوبیزم، یا دادائی و سریالی، تا دەگاتە هونەری شۆڕشگێری، کە وەک (تەبریر) لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەک کارەکانیان ئەنجام دەدا.

چەمکی هونەری نوێ، یا هونەری مۆدێرن جێگەی گومان بووە، ڕەنگە، تاڕادەیەکیش هەڵخەڵەتاندنێکی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی و بازاڕیی سیستەمی سەرمایەداری تێدابێت، لەو بانگەشەی کە هونەر نەمردووە، بەڵکو بە شێوەیێکی نوێی هاوچەرخ زیندوو بۆتەوە.

هونەر تا کۆتایی قۆناغی ڕۆمانتیکی، ڕێگەیەکی ڕێکی گرتبووەبەر، کە شانبەشانی ئاستی سیستەمی کۆمەڵایەتی و زانست و پێشکەوتنە ڕێژەییەکانی پیشەسازی و هۆشی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمانە بوو، هەروەها هونەر پانتاییەکی بەرچاوی گرتبوو لە جموجۆڵە ئابوورییەکان. بەڵام کە شۆڕشی پیشەسازی دواتر تەکنەلۆژی

بەرپابوو و پێشکەوتنی شێوازی بەرهەمهێنان گۆڕا و سەردەمی خێراکاری هاتە نێو زەمەن، ڕوخساری کۆمەڵگە بە دیزایینی جیاجیا و ئەندازیاری نوێی بیناسازی هاتەکایەوە، ئەو کاتە هونەر وەک کارێکی ڕۆحیی پیرۆز، نەیتوانی بەرەنگاری ئەو پێشکەوتنە تیژڕۆیە ببێتەوە و (تەبریرێک)ی ڕاست و لۆژیک بۆ بەردەوامبوونی خۆی، وەک ڕابردووی خۆی، بدۆزێتەوە. سەردەمی نوێ، کار لەسەر دەرەوەی ئینسان دەکات، دەوروبەرەکەی گەورەتر و فراوانتر دەکات و بەرچاوی دەخات، لێرە، ناخی مرۆڤ ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی نامێنێت، بەها ڕۆحییەکان دەبێتە شتێک، تایبەت بە خودێکی تەنیا. لە بەرانبەر ئەو هەموو ڕووداوە گرینگانەی سەردەمی نوێ، هونەر نەبووە لایەنێکی گەورە بۆ بەشداریکردنێکی کاریگەر لە بنیاتنانی ڕۆڵێکی داهێنەرانەی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانست، هەروەها زۆر زەحمەت بوو ترازانێکی کتوپڕ لە ڕۆحانیی و پیرۆزیی هونەر ڕوویدات، لەوێوە وەک ئاکتێکی غەریب لە لاچەپی ئەو هەموو جموجۆڵە تیژڕۆییەی کۆمەڵگەدا، مایەوە.


بەڵام کە هونەرمەندان بەرانبەرەکەی خۆیان بینی، وەک ڕواڵەتێکی بەهێز و حەتمی، کە ڕۆژانە گۆڕانکاری گەورە ڕوودەدەن، ئەویش لە توانای ئەوان بەدەر بوو، نەیاندەتوانی بکەونە نێو خانەی نواندن و داهێنانی پێشکەوتنێکی عەقلانی و فەلسەفی و بەدەستهێنانی شەرعییەتی سیستەمی کۆمەڵگەی نوێ، بەڵکو کەوتنە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان، تەنانەت زاراوە هونەرییەکانیش زیاتر لە کارگە پیشەسازییەکانەوە وەرگیرابوون وەک وشەی مۆدێرن، تەکنیک، ئینستەلێیشن... کە ئەنجامی هەردوو جەنگە جیهانییەکە بوون و بەرهەمی کارگە جەنگییەکانن. لێرەدا داهێنانی ڕۆحی و هەستیی ئینسان و ئیدراکی جوانی لە فکری هونەرمەند و کاری هونەریدا، ڕێک و هاوسەنگ، لەگەڵ سیستەمێکی زاڵ و حەتمیی جیهان، یەکیان نەدەگرتەوە.

هونەری شێوەکاری پرۆسێسێکی ئێستێتیکییە و کار لەسەر چێژی ئینسان و سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵ دەکات بۆ تێربوونی پێداویستییەکانی بینین و تێگەیشتنی عەقڵی، بەم شێوە نوێکردنەوەی پەیوەستە بە واقیع و ئەو ڕووداوانەی کە کاریگەرن بەسەر ئەو واقیعە. لێرەدا هونەری مۆدێرن بە هەموو ڕێباز و ستاییلە جیاجیاکان پاشگری ئەو شۆڕشە مەزنەی زانست و پیشەسازییە گەورانە بوو، کە تەواوی کۆمەڵگەی جیهانی بەڕێوە دەبەن و هەموو جۆرە کەرستەیەکی نوێی بۆ

دابین دەکات، هەروەها ئەو (تەبریر)ە شەرعییەی کۆمەڵگە کە پێویستە هونەر هەیبێت ئەو شۆڕشە بەردەوام بۆی دابین دەکرد .

مۆدێرنیزم پایەیێکی پێشکەوتنی ئەوروپییە کە پرۆسێسی کۆمەڵایەتی بەراورد بە مێژووەکەی دەکات، دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی هەیە بۆ بەلۆژیکبوونی مافەکانی تاک و کۆمەڵ. هونەر لەم سەردەمە و داهاتووشدا، تەنیا دەتوانێ کار لەسەر سەرنجڕاکێشانی ئینسان بکات لەنێو ئەو سیستەمە نوێیەدا.

# ئارکیۆلۆژیای واتا یا تێپەڕاندن لە پەخشێکی ئایکۆنی لە کارە هونەریەکانی (قەرەنی جەمیل)دا



وەهبی ڕەسوڵ

دەربڕین خۆی هونەر نییە، بەڵکو ئەوە هونەرە کە دەربڕینەکە دەیگەیەنێت ( هۆستۆن ستیوارت چامبەرلین لە دوتوێی ئەم ووتارەدا ئەو خەسڵەتەی کارکردنی هونەریی لەدەقێکی بینەیدا جێ مەبەستی ئێمەیە، کە وەرچەرخانێکی دروستکردوە، لە تێڕوانینی هونەرمەندی بە ئەزمون و خاوەن باکگراوندێکی بەپیتی هونەریی (قەرەنی جەمیل)دا. کە ئەویش تێپەڕاندنە لە دەسەڵاتی بە هەژمونی مێژوییانەی فۆڕم، وەك نیشانەیەك، لە دۆخی ئایکۆنی بونی خۆی (چون نیشانە لەدەقی بینەیدا سەرەتا ئایکۆنیانە سەرچاوە دەگرێت، واتە هەڵگری پەیوەندیەکی لێکچوی هاوشێوەی داخراو و دیاریکراوە، بەڵام لە ئاوێتە بونیدا بە کۆبنیادە جیاجیاکانی پێکهاتن و خۆ دروستکردنەوە، دەچێتە ئاسۆیەکی کراوەوە) و لەو ڕێگەیەشەوە، بەزاندنی سنوری داخراوی توانا گوزارشتیەکانی خودی فۆڕم تێدەپەڕێنێت، کە بە زوبانێکی تر پێی دەوترێت، دەرچون لە سیستمی کارکردن لە تۆڕێکی داخراوەوە، بە ئاراستەی تۆڕێکی کراوە .تێکشکاندنی سیستمی کارکردنێك کە تێیدا، تۆڕێکی داخراو وەك پەیوەندیەکی بونیادی، هەژمونگەرابێت،

بەرەنجامێکە کە دەبێت هونەرمەند سەرلەنوێ و لە کۆبنیادێك/کۆنتێکستێك/ی تردا، پەیوەندیە بونیادیەکانی دەقی بینەیی دابڕێژێتەوە. ئەو دەمەش دەقی بینەیی دەبێتە چنراوێك لە کۆمەڵێ پەیوەندی بەدوایەکدا هاتوو، کە لەناو خۆیاندا لێکتر دەئاڵێن، تا مەرجی دەرکەوتنی دەق بئەفرێنن، " چونکە بونیادی هەر شتێك تەنها وێنە و هەیکەل و یەکەی ماددی یاخود ئەو دیزاینە هەمەکیە نییە کە پارچەکانی پەیوەست دەکاتەوە، بەڵکو ئەو ڕێسایەیە کە پێکهاتەی شتەکان لێکدەداتەوە"(ابراهیم زکریا: مشکلة البنیة،ص33) ئەمە لە ساتێکدا کرانەوە توانای گواستنەوە و گۆڕانمان دەداتێ، لە بونیادێکەوە بۆ بونیادێکی تر، لە بونیادێکی داخراوی واقعیەوە، بۆ بونیادێکی هێماگەرایی (ڕەمزی) کە ڕێگەکانی دیاریکراو نییە و نابێت، تەنها بە چڕکردنەوە و ڕاڤەکاریی نەبێت .ڕاستە نیشانە/فۆڕم/ لەدەقی بینەیدا سەرەتا ئایکۆنیانە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە پڕۆسێسی ئاوێتە بونیدا دەچێتە ئاسۆیەکی کراوەوە.(وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا) ئەم ئاسۆ نوێیەش ئامانجی لەوەدا خۆ دەنوێنێ نیشانە لە داتایەکی دیاری تاك ڕەهەندی خوێندراوەوە، بگۆڕڕێتە سەر داتایەکی شارراوەی نەخوێندراوە و فرە ڕەهەند یاخود ئاڵۆز لە خوێندنەوەدا، ئەم هاوکێشەیە نەك هەر لەسەر ئەو جۆرە نیشانانە پیادە دەبێت، کە بە نیشانە ڕەمەك(عەفەوی)یەکان ناسراوە و خوێنەر/وەرگر/ توانای ناسینەوە و خوێندنەوەی(گەر بە ڕوکەشیش بێت) نییە. بەڵکو(ئەم هاوکێشەیە) بەسەر نیشانە ئایکۆنیە ناسراو و ئاشناکانیشدا هەمان کێشە و دەرئەنجامی دەبێت، چونکە لە ئاسۆ داخراو و تاك ڕەهەندەکەی تێدەپەڕێنێت. ئەمەش حاڵەتێکە هەژمونگەرا لە زۆرێك لە کارەهونەریەکانی ئەم ساڵانەی دوادوایی هونەرمەندا بەرچاو دەکەوێت. گەر بە دیاریکراوی گەڕانێك بەناو کارە هونەریەکانیدا بکەین و بۆ دەرکەوتنی ئەم حاڵەتە بگەڕێین، ئەوا بۆ نمونە لە شێوەی (1) دا دەبینین : فۆڕمی/نیشانەی/ ئاسك لەلای هونەرمەند، لەم دەقەدا چیتر (ئاسك) وەك نیشانەیەك، واتا تەقلیدیەکەی خۆی وەك ئاژەڵێك پەخش ناکات، بەڵکو بە هاوشانی یەکەکانی تری پێکهاتوو لەسیستمی پەیوەندیە بونیادیەکانی نێو دەقەکە، خۆ بەرەو ئاسۆی نوێتر ئاراستە دەکات. بەتایبەت ئەو یەکانە (جگە لە بونی فۆڕمی چەند فیگەرێك لە بەشی خوارووی لای چەپی تابلۆکە) هیچ یەکەیەکی تری دەستنیشانکراو لەخۆ ناگرێت، نەك هەر هێندە بەڵکو هەستکردنی بونی (جێگە/شوێن)یشمان لێ دەستێنێتەوە، کە هەر ئەم نەمانی



هەستکردنە بە بونی جێگە خۆی لە خۆیدا هەستکردن بە بونی (زەمەن)یش، بۆ بینەر، لەتەك خۆیدا ون دەکات. هەرچەندە بەدیهێنانی ئەم جۆرە بەرەنجامە لە سەرجەمی کارەکاندا هەمان بەریەککەوتنیان بەدەست نەهێناوە و ناهێنن. بەڵکو لە هەندێ کاری تردا هەستکردن بە بوونی ئاسۆ ئامادەیی بەهێز و پتەوی هەیە کە وادەکات و هەستکردن بە ڕەهەندی قوڵیی توانایەکی فشارگەرای خۆی هەبێت، و هەر لەو ڕوانینەشەوە ئامادەیی هەستکردنی جێگەیی کارایانە خۆی ئاراستە بکات. بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە شێوەکانی (2)(3)(4)(9) تەنانەت ئەم هەستکردنە لە شێوەی (8)دا بە شێوەیەکی سروشگەرا(ئیحائی)ییانەش بێت ئامادەیی خۆی هەیە. بەڵام ئەم حاڵەتە لە شێوەکانی (5)(6)(7)دا بەدی ناکرێت. دیاردەی ئەم بەخشینە شوێکاتیە لە دەقدا و هاوکات لێ سەندنەوەیەی، دەستپێکی بونی ئەو پەیوەندیە جەدەلیانەیە کە دواتر دێینە سەر ئاماژە پێدانیان . گەر بگەڕێینەوە سەر مامەڵە نیشانەییەکانی هونەرمەند، ئەوا دەڵێین، وێڕای شێوەی یەکەم هەمان مامەڵەی نیشانەیی، لە نیشانەکانی (سەگ) شێوەی (2)(3)(9)، (ئینجانە) شێوەی (4)، (دەموچاوێکی ئاسەواریی کۆن) شێوەی(5)، دەردەکەون. ئەمانە گشت سەرباری بەکارهێنانی کۆلاجیانەی ئامرازی وەك (واشەر، برغوو، دراوی کانزایی) (فۆڕمی ڕاستەخۆ)، کە لە ئەرکە ئاساییەکەی ڕۆژانەی خۆیان و پەخشە فۆڕمیە ئایکۆنیەکەی خۆیانی دەرکردون، بەرەو رەهەندگەلێکی تری کراوە لە گوزارشتکردن و جوانیدا، بە پێی ئەو توانا تەعبیریانەی سیستمی سەربەخۆی پێکهاتەی دەق ئاراستەیان دەکات. (سۆسیر)دەربارەی ئەم حاڵەتەی دەق دەڵێت:" بەدیهێنانی ئەم جۆرە سیستمە،

سیستمێکە سەربەخۆ، بۆ هیچ شتێکی تر ناگێڕڕێتەوە، خودی خۆی نەبێت، هاوشانی حوکمکردنی پەیوەندیە خۆبەخۆکانی لە کارکردنیدا لە بەکارهێنانی واتا و ئاماژەکانیدا"(سوسیر، فردیناند:علم اللغة العام، ص84 (.سەرباری خوڵقاندنی ئەم ئاراستەیە لەلایەن نیشانە ئایکۆنیکانەوە، هەر بوونی ئەم نیشانانە بونەتە مایەی دروستبونی پەیوندیەکی جەدەلی تر لەنێوان دەستنیشانکراوی فۆڕم و نادەستنیشانکراوی فۆڕمدا ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، هاتوچونێکە،(لە چونە پێشەوە و هاتنەدواوە) یەکانگیر لەنێوان ئایکۆنی بوون و ئەبستراکتدا. ئەم ئاوێتەکردنە سەپێندراوەش هەوڵدانێکە ڕوەو بنیاتنانی جیهانێکی جوڵاو لەنێوان هەردوو لادا، لە حاڵەتی ئەبستراکتدا، سیستمە ئایکۆنیەکە ئامادە دەبێتەوە و هاوکات بەچاوێکی ئەبستراکتیانەش ئایکۆنی بونەکانی بەرجەستەکردووە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا لەنێوان دوو جیهان یاخود دوو کەناردا دەبزوێت، کە کێشەیەکی بوونگەرای تایبەت پێکدەهێنن، و هەوڵدەدات بە دامەزراندنی جیهانێکی هاوشان بۆ موستەحیلیەتی ئەزمونی هەستیی، ئەمەش لە ڕێی لێکدانی ئەبستراکتبون بە ئایکۆنی بونەوە، ئەوەی هێنانە گۆی ئەبستراکتە بێدەنگ کردنێکی ئایکۆنی بونە، ئەزمون و روئیای هونەرمەند ئەکەوێتە ژێر چینی توێژاڵیی ئەم دووانەییەوە، دوانەییەك کە ڕەنگە چەندێ لێکدژبن (لێکدژیەك لەنێوان یەقین و دڵەڕاوکێیەکی مەعریفیی یاخود کێشەی گەڕانێك بەدوای پێوەرێکی جێگیر لە دیاردەیەکی بزۆکدا )وەك بەرجەستەکردن و گوزارشتکردن، بەڵام لای هونەرمەند خاوەن تەباییەکی تایبەت بن. وەك (نیکۆلاس دوستائیل)دەڵێت:"ناتوانم لێکدژیەك لەنێوان هونەری ئەبستراکت و دەستنیشانکراودا/ئایکۆنیدا/ ببینمەوە، نیگارکێشان دەبێت هەردوکیان بێت پێکەوە: ئەبستراکت بێت بەو سیفەتەی دیوارێکە، و دەستنیشانکراوە/ئایکۆنە/ بەو ئۆرت(ئیعتیبار)ەی سپەیسێك دەنوێنێ" (عرابي،أسعد: نیکولا دوستائیل والبعد النفسي لاعماله الفنیة،ص116 . (ئامادەبونەوەی ئەم جەدەلیەتە لێکدژە لە یەقین و دڵەڕاوکێ، لەو وتەیەی(ئەنتۆنیۆ مەچادۆ)ی شاعیریشدا (ئەی ڕێبوارەکە... ڕێگا نییە، ڕۆینە ڕێگا دروست دەکات) دەردەکەوێت، کە هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) وەك سەردێڕێ بۆ ئاخاوتن لەسەر پیشانگەکەی ساڵی (2008) لەسلێمانی/گەلەری سەردەم، بەکاری هێنابوو، لێرەدا دەبینین بوونی ڕێگا یاخود دروستکردنی، یەقینێکە و بەرامبەرە بە (دەستنیشانکراوی/ئایکۆنی بون)و نەبونی یاخود نەمانی ڕێگا، بەرامبەرە بە (ئینفۆرمەل/ئەبستراکت)بون، کە هەردوکیان پێکەوە بەرجەستەی

ئامادەبونی پەیوەندییەکی جەدەلیی و هاوکات بونی دڵەڕاوکێیەکە دەکات . هاوشانی بون و ئامادەیی پەیوەندیە جەدەلیەکانی: بونی هەستی شوێکاتی و نەبونی ، بە ئایکۆنی بونی فۆڕم و نائایکۆنی بونی، دەستنیشانکراوی و ئەبستراکتبون. ئەمانە سەرجەم بونەتە هۆکاری بەدیهاتنی پەیوەندیەکی تری جەدەلی، کە ئەویش پەیوەندیەکە لە نێوان بە خاکە(خامە)کردنی فۆڕم (پڕەنسیپی ڕێزگرتنی خاکە(خامە)ی کارکردن) و بە فۆڕم کردنەوەی خاکە(خامە)ی کارکردندا. ئامادەییەکانی ئەم پەیوەندیە نەبڕاوەیە وای کردوە لە هەندێ کاری هونەریدا، بەشی دووەمی هاوکێشەکە هەژمونگەرایی خۆی پیادە بکات و دەق بۆ خۆی بکاتە پانتاییەك سەرلەبەر بۆ کاراکردنی هێزی گوتاری توانا ئیستاتیکیەکانی بەهای خاکە لە ڕەنگ و کەرەسەی تێکەڵاوی جیاوازی تر. بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە شێوەکانی (5)(6)(7)(8)(9 .(ئامادەبونەوەی ئەم دووانەییانە سەرجەم، تێکشکاندن و تێپەڕاندنێکی ئەو حاڵەتەیە کە پێی دەوترێت (Griffe) یاخود جێگیریی و چەقبەستویی مۆرکی هونەریی لەلای هونەرمەند. لەدواجاری دیالۆگماندا لەسەر بونی ئەم پەیوەندیە دوانەییانە ماوەتەوە ئەوە بڵێین، ئامانج لێرەدا بەدیهێنانی نەهلستیبونێکە، کە سەرلەبەری هەر بونێکیان هەڵبوەشێنێتەوە ، لە میانی ئایکۆنی بوون بێت یاخود ئەبستراکت .وەك ستایلی هونەریی، هونەرمەند بەستایلی ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم کاری کردوە، سەرباری بونی ئەو حاڵەتە هونەرییەی پێشتر وەك بونی جۆرێك لەخەسڵەت و سیمای تایبەت لەکارەکانیاندا ئاماژەمان پێدا. هاوشانی ئەم جۆرە چارەسەرە تەکنیکیە، هونەرمەند لەنێو شێوازی ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزمدا بە سەمتی سروشگەرایی (Gestural) کاری کردووە .وەك گوتاریی واتایی دەق، بە تایبەت لەو کارە هونەریانەدا کە چیتر هیچ ئاماژەیەکی بەئایکۆنی بوون ئامادەیی نامێنێت. ، کە بەدەر لە سروشیی دیوار یاهەر پانتاییەکی کۆنی ڕێزاڵبوو، کە لێوانە بە ڕەنگی ژینگەیەکی پیس بو هاوکات خاکیی زەرد و ڕێزاڵبوی ئەمێستای کوردستان لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵدا یاخود بە هەمەکی کردنی هەر یەکەیەکی بەشەکی، شتێکی تری تیا بەدیناکرێت، جگە لە هەڵگریەکی پڕ ئەمانەت نەبێت، بۆ ووتاری خاکە(خامە)ی کارکردن، کە تیایدا خودی خاکە دەبێتە گوتاری ئاراستەکراوی دەق، واتە هەڵگێڕانەوەی پڕۆسێسی باو، لە بە ئامانجکردنی ئامرازدا. کە گوتاری تەکنیکی خاکە، زاڵە تەنانەت بەسەر توانا پەخشیەکانی فۆرمیشدا، بە ئاستێ، فۆرم لەناو گوتاری تەکنیکی خاکەدا دەتوێتەوە، هەر ئەم هۆکارە مامەڵە تەکنیکیەیە وادەکات و کردویەتی، بە درەنگ، لەدوا

دووەم جار و سێهەم جاری سەیرکردنمان، تێبینی فۆرم بکەین، وەك ئەو فۆڕمە نیوە دەرکەوتوەی سەگێك هەیەتی لە بەشی خواروی چەپی تابلۆیەکیدا. شێوەی (9 .) بەڵام لەو کارانەدا کە فۆڕمە ئایکۆنیەکانی وەك (ئاسك یاخود سەگ) بەدی ئەکرێت، جا ڕاستەوخۆ بن یاخود ناڕاستەوخۆ، هەمیشە تەنهایی و بەتەنها ژیانی ئەو ئاژەڵانەمان دێنێتەوە یاد کە خۆ لە مرۆڤ و نزیك بون و تێکەڵاویی بونی، بە دور ئەگرن لە ژینگەی هونەرمەنددا، گوتاری ئەم کارانە، پەیامێکە بۆ ئاشت کردنەوەی مرۆڤ لەتەك ئاژەڵەکاندا و بە تەبایی پێکەوە ژیانیان لەیەك ژینگە و دەوروبەردا، دوای زیزکردن ودورخستنەوەی ئەو ئاژەڵانە لەلایەن مرۆڤەوە لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی مرۆڤایەتیدا. هەر لەم میانەشەوە هونەرمەند لە ڕەهەند گەلێکی تری واتایی دەدات، لە تەنهایی و هەستکردن بە نامۆیی و تاکڕەویی، تا دەگاتە دورکەوتنەوە لە سروشت و لەدەستدانی جوانی و ساکاری و سادەییەکانی ژیانی بەراییانەی مرۆڤ لەنێو /لەگەڵ سروشتدا. ئەم ڕەهەندە واتاییەش خۆی لە خۆیدا لەدەستدانی لایەنە ڕۆحیەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە و دواجار هەستکردنە بە نەهلستی بون .گوتاری دەقی بینەیی لە ستایلێکی وەك ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزمدا، بەتایبەت لە سەمتی سروشگەرادا، توانای بەکۆدکردنێکی وا دەداتە نیشانە و ئاماژەکانی نێو بونیادی دەق، کە ئامادەیی خۆیان وەك داتاگەلێکی شاردراوە بە ئاراستەی بینەر/وەرگردا پەخش بکەن، لەم سیستمە پەیوەندیە بونیادیەدا داتا شاردراوەکان بێدەنگیەکی مانادار و بەئاماژە، بەڵام هاوکات خاوەن کاریگەریەکی دیار لەسەر کۆبنیادی دەقە بینەییەکە، بەجێدێڵن. شاراوەییەکان دەبنە حاڵەتێك لەچاوەڕوانی کردن و چاودێری کردن، تا بینەر ناچاردەبێت بەشێوەیەکی کارا بەشداری بکات لە بونیادنانەوەی چەند جارەی دەقەکەدا، لەڕێی چەند گریمانە و پەیپێبردنێکەوە. ئەم چەند جارەیەی بونیادنانەوە، خۆی لە خۆیدا پرۆسێسێکە لە گەڕان و بنکۆڵ کردن(تەنقیب) لە ئارکیۆلۆژیای واتا کەڵەکەبووەکانی نێو چینەکانی بونیادی دەق. هەر ئەم پرۆسێسەشە وادەکات توانا پەخشیەکانی گوتاری دەق، لەڕێی خۆ ئاراستەکردنە یەك لەدوایەکەکانی چینە واتاییەکان، بەزیندوێتی و کاریگەریی و بەردەوامی لەلای هونەرمەند بمێنێتەوە و گوتارێکمان ئاراستە بکات لە تەواونەبون و بێکۆتابوندا.


# بۆ قەرەنی جەمیل



باهۆز مستەفا

تابلۆیەکە
رەنگی ئاویی و سوور
لەسەر کانڤاسی پێست
لە هەموو سووچ و رووێکەوە
وەکو یەک و یەک جۆر دەخوێندرێتەوە
وەکو شووشە روون و ئاشکرایە
تەنیا دەستەکانی نەبێ
کە لە پشت خۆی گرتووە
هەر پەنجەیەکی رەنگێک و
نهێنییەکی هەڵگرتووە
لێدانی فڵچەی
لە لێدانی تۆرنادۆ بەهێزترە
دەتوانێ زەوی بکاتە خۆڵەمێش.

# بینەری کورد و ئیشکالیەتی تێگەیشتن لە هونەری شێوەکاری پیشانگای هونەرمەند«قەرەنی جەمیل» بە نموونە




**حەمە هاشم**

**ڕەنگە لێرە نەتوانرێت بە شێوەیەکی تەواو باس لەو ئیشکالیەتە بکرێت کە بۆ بینەری کورد دروووست دەبێت لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ کارێکی شێوەکاری، بینەری کورد بینەرێکی عاتیفییە و تاکەشت کە بەدوایدا دەگەڕێ گوزارشتکردنە واتە دەیەوێ لە تەعبیری کارەکە نزیک ببێتەوە و تێی بگات، نازانم بۆ ئەوەندە حەزی لەوەیە تابلۆیەکی شێوەکاری وەک هەواڵێک یان وەک چیرۆکێک ببینێت و گوزارشتی بۆبکرێت، ئەم ئیشکالیەتە عاتیفیەی بینەری کورد لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئێمە هەمووومان گەمارۆدراوین بە سیاسەت، هەموو کێشە و سەرکوتکاری و ئەنفال و کیمیاوی و کارەساتی شەنگال و ژنی ئێزیدی و نەبوونی دەوڵەت و زاڵ بوونی ئاین لە زاکیرەماندا بەتۆخی بەدیاردەکەوێت، هەموو شتەکانی دەوروبەرمان لەو پەنجەرانەوە دەبینین، ئەمە بۆ کایە کولتوریەکانی دیکەش وایە،زۆرێک لە کورد هاندەری بەرشلۆنەیە چونکە هەرێمێکی جوداخوازە وەک کورد ، دەمانەوێ کە سەیری تابلۆیەکی شێوەکاریمان کرد باسی چوارپارچەی کوردستان بکات و ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانی تێدا بێت،**

ئەمەش بەرەنجامی ئەوداگیرکارییەیە کە سیاسەت سەپاندوویەتی بەسەر بیرکردنەوەمان و رکێفی بیرکردنەوەی ئێمەی بەرەو بەرژەوەندییەکانی خۆی راپێچکردووە، بۆیە هەمیشە هونەرمەند دوچاری کێشەیەکی فکری دەبێتەوە لە تێگەیاندنی بینەرەکانی بەتایبەت لە هونەری مۆدێرنە و پۆست مۆدێرن دا ، چونکە لەو هونەرانەدا پانتاییەکی زۆر دەدرێ بەفکر، بەڵام بەشێکی گرنگ ئیستاتیکایە کە رۆڵ دەبینێ لە چێژوەرگرتن لە بینینی تابلۆکە ، چونکە بە بروای من کاری هونەری تەئویل و بینەر خۆی سەرپشکە لە چێژوەرگرتن هەرچی تەفسیرکردنی هونەرمەندەکەیە تارادەیەک کەم و کوڕی تێدایە، چونکە کاتێک هونەرمەند کارێک دەکات ئەو لە سەرەتادا تەفسیری کارەکە لە مێشکی دا نیە، بەڵکو ئەو تەنیا دەزانێ رەسم بکات و ئەزموونەکانی خۆی تاقیبکاتەوە لە رووی بارستە و هاوسەنگی و رەنگ و هێڵ و بۆشاییەکان تا دەگاتە ئاستێک کە دەزانێ رادەی ئیستاتیکی کارەکەی تێر دەکات، دوای ئەوە ئەگەر بێت و تەفسیر دابنێت بۆ کارەکەی ئەوا بینەرەکانی رازی دەکات و ناهێڵێ بینەر مێشکی هیلاک بکات و تەمبەڵانە بینەرەکانی لەزەتە عاتیفیەکەیان دەبینن، بەڵام خۆ کاری هونەری جدی ئەوە نیە بینەر رازیبکەیت ، بینەر دەبێ خۆی ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لەکاری هونەری و تێکەڵی بێت و تەئویلی بکات و چێژی لێ ببینێت، من تەنها لە کوردستان بینیومە بینەر داوای مەعنا دەکا لە هونەرمەند ، ئەمەش بۆ کەمی ممارەسەی چاو و کولتوری ئیستاتیکی و ئاستی چێژوەرگرتنی بینەر دەگەڕێتەوە، بۆ هونەرمەند ئاسانە مانات بداتێ ، بەڵام ئەگەر هونەرمەند هەموو شتێکت بۆ بڵێ ئەوە دەکرێت شاعیر بوایە یان چیرۆک نووس و مێژوو نووس ، ئەوەی شێوەکار جیادەکاتەوە ئەوەیە کەدەتوانێ شێوەی جیاوازت نیشانبدات کە تۆ لە بینینی ئاساییدا نایان بینی ، شێوەگەلێک کە تامی سوریالیەت و نامەئلوفیەتی تێدابێت، بە بڕوای من ئەم ئشکالیەتە بۆ ئەوەش دەگەرێتەوە کە کولتوری بینین لای تاکی کورد بەتایبەتی باشور زۆر کەم بایەخە ئەوەی هەشە هی سەردەمی بەعسە کاتێک ئەو رژێمە هونەرمەندی ناچاردەکرد بەپێی خواستی ئەو وێنەبکێشێ و هەندێ هونەرمەندیش ئەوەیان پێ خۆش بوە چونکە لەکۆڵ بیرکردنەوە بونەتەوە و تەمبەڵانە و نارۆشنبیرانە کاریان کردوە تا کاریگەرییەکانیان بە ئەمرۆش دەگات ماوە، جگە لەوەی کورد بەحساب گەلێکی ژێردەستە بووە و شۆرشی کردوە بۆیە هونەری خستۆتە خزمەتی کێشە نەتەوایەتیەکانی، من ناڵێم نابێت هونەر تەعبیر بکات و نابێ خزمەت بە شۆرش بکات ، ئەمە ئاساییە و

**هونەری شۆڕشگێڕیش هەیە، بەڵام لەتەنیشت ئەمانەوە هونەرێک هەیە تژی ترە لە فکر و ئایدیا ، قورستر هاوسەنگییە ئیستاتیکییەکانی بەدەستەوە دەدات، ئەمەش پێویستی بە بینەری ئاست بەرز هەیە لە کولتوری چێژوەرگرتن لە بابەتی ئیساتیک و ئایدیای مەزن، کە بەداخەوە لەلای ئێمە ئەم بینەرە کەمە، هۆکار و لێکەوتەکانی ئەم ئیشکالیەتانە زۆرە لێرە ناکرێ پەنجە لەسەر هەموو خاڵەکان دابنێین هەرئەوەندە بینەر دەرک بکات بەوەی کە شێوەکاری تەنها تەعبیرنیە بەسمانە.**



# قەرنی جەمیل

زانا خەلیل

سپی، وەک ڕۆیشتنی هەور
بەناو ئاسمانێکی شیندا.
سپی، وەک ڕەنگی فریشتە
لەناو ڕەشایی ڕۆحی جیهاندا.
سپی، وەک بەفری لوتکەکان
کە هەر چوار فەسڵ ناتوێتەو.
شێوەکارێکمان هەیە ناوی "قەرەنی جەمیل"ە
پەنجەکانی سپین وەک ڕۆیشتنی هەور،
بەناو ئاسمانێکی شیندا .
وەک ڕەنگی فریشتە لەناو ڕەشایی ڕۆحی جیهاندا.
وەک بەفری لوتکەکان کە هەر چوار فەسڵ ناتوێتەوە.

"قەرنی جەمیل"
ڕۆح دەبەخشێتە ڕەنگ.





# بێکەس حەمە قادر

# شکانی قاچی سەگێك ئازاری زیاترە لەمردنێك

بە خەتێکی پان لە تابلۆیەکی سپی بنووسە
ئێرە ناوەندی گۆی زەوییە
بەقەلەمێکی سۆفت لەم شەوەدا بنووسە
کاتێ تۆ دار پرتەقالەکەت راوەشاند
لە جیاتی پرتەقال کۆمەڵێك چۆلەکەی جوان فڕین و
ئیدی نەگەڕانەوە
ئەها تۆ بەردێکی چەند گەرم بووی لەشەوێکی سارد
ئێمەت لە دڵەڕاوکێ هێشتەوە
گیاکە واکەوت دەڵێی لە مێژە
خەوتووە گەلاکان واپەرش بوون
هیچ بایەك ناتوانێ وا پەرتیان بکات
وا پەرش و بلاوبوون دەمەوێ برۆم دوور دوور
لەکەناری دەریایەك خەو بماتەوە و
خەبەرم نەبێتەوە
لە ژاوەژاوی ئەو پەرش و بلاویەی ئێرە
کە کەسێك نیە کۆمان کاتەوە ئۆقرەم نەماوە
تۆ وەرە مرۆڤ بیت و چێژ لە شکاندنی قاچی سەگێك ببینی

تۆ وەرە مرۆڤ بیت و لێنەگەڕێی کۆترێك ئارام
لەسەر دارتەلی کارەباکە بنیشێ
تۆ وەرە بۆنی گران بەها لەخۆت بدەیت و
ژینگە پیس بکەی
چەکی گران بەها بکڕیت و
بیر لە کوشتنی مرۆڤ بکەیتەوە
دەچێتە کلاپ و سەمایەکی جوان دەکات
کەچی دێتەوە مەملەکەتی من ژنێك دەکوژێ و
دەبێتە هەوالی رۆژنامەکان
لەناو ماشێنەکەی گوێ لە موزیك و گۆرانی دەگرێ
کەچی کۆنترۆلی تیڤی لەنێو دەستەکانی خۆی دایە
نەبادا کچەکەی یان ژنەکەی چێژ لەگۆرانیەك ببینن
دەمەوێ عەترێك بکڕم بۆنی هیچ کەسێکم لێنێ
لەچیمەنێك بژیم گیایە سەوزکە گەر خۆی نەیەوێ
هیچ کەسێ نەبێ بەپێیەکانی بیخەوێنێ
هەندێ رووناکی لەئەستێرەیەکی دوور دوور قەرز بکەم تا باخچەکەم رووناك ببێتەوە تا گەڵاکان سەرلەنوو گوڵ بگرن گوڵ گوڵی نارنجی لە چەشنی پرتەقال تا دووبارە و سەد بارەی بکەمەوە.

**خۆشمدەوێی خۆشەویستیی.**

# نایابترین
# شیعری ژیانم
# "ترێ"





# بێکەس حەمە قادر

**زانا خەلیل**

**دارستانی دەمارە، لە ژێر پێستدا.**
**ڕووباری خوێنە، لەنێو دەمارەکاندا.**
**ئیشراق و نووری دەمارە، لەنێو ئێسکەکاندا.**
**دڵێکە لەنێو ڕۆحم و**
**ڕۆحێکە لەنێو دڵمدا.**
**کە دنیا لام**
**دەبێتە تەم و تۆفان و ڵم و بیابان**
**ئەو گیا و شاخ و لازەوەرد و پێدەشتە.**
**ئەو گەشانەوەی درەوشانەوە و**
**درەوشانەوەی گەشانەوە و**
**سەدای قاقا و**
**زێی کحول و**
**خەونی نێو خەون و**
**نەخشی سەر لەوحی زێڕ و**
**زەمەنی نێو شوێن و**
**شوێنی نێو زەمەن و**

زەمەند و زەماوەند و ئیرەم و بەهەشتە.
کە شەوان
بێتاقەتیی دەمکوژێ
ئەو تاقەتمە.
هێزمە
ڕەنگمە
بێدەنگیی و دەنگمە
هەنگمە
زەنگمە
پێکەنین و هەور و گریان و بارانمە.
کە بەیانیان
دنیام دەیجوور و
شەوەزەنگ و ماکینەی تاریکییە
ئەو زێڕی گزنگ و
زیوی کازیوە و
ئەڵماسی سپێدە و
سەحەر و خۆر و ڕووناکییە.
زۆرجار کە تازە ڕۆژهەڵاتووە
دێتە دوام و دەڕۆین
دوور دوور دەڕۆین
بەرەو ئاسۆی زیوین و سرووشتی سەوز
بەرەو یاقووتەکانی ناخمان
بەرەو ڕووبار و خۆر و سەوزایی
بەرەو فرمێسک
بەرەو حیکایەتەکانی وجودمان
بەرەو ئەفسانەکانی عەشقمان
بەرەو خوێی نێو برینمان
بەرەو درەخت و گیا
بەرەو ڕۆحی زنار و
بەرەو ڕۆحی بنار و

بەرەو ڕۆحی قەدپاڵ و
بەرەو ڕۆحی ترۆپک و
بەرەو تابقی ئەخیری
قووڵاییەکانی ناخمان.
لەو جیهانەدا
ئەو تاکە کەسێکە
وەسیەتی خۆمم لای کردووە
چونکە بێکەس
دڵێکی پڕ لە ئیشراقە لەنێو ڕۆحمدا و
ڕۆحێکی پڕ لە نوورە لەنێو دڵمدا.



دەزانم تۆ وشەیەکی
بەڵام زۆر جار بۆ وشەیەک
هۆنراوەیەکم کوشتووە
دەزانم تۆ خونچەیەکی
بەڵام زۆر جار بۆ خونچەیەک
گوڵجارێکم جێ هێشتووە.

پەشێو

---

دەگەڵ بێکەس کەسی هەموو کەسان سوپاس کە هەی هاوڕێی خوشەویست.

_هەنار






**چ خۆشبەختییێکە منداڵێک بێت و وێنەت بکێشێ! سوپاس "ڕۆدای برازام".**

# تابلۆییێکی "ترێ"ی روحم



# بۆ بێکەس حەمە قادری شاعیر



**محمەد حسێن رەسول موهەندیس**
**و: زانا خـەلیل**

**بە خێرایی روو لە سرووشت رێ دەکا و**
**ژاوە ژاوی شارێکی مردوو جێدێڵێ**
**کە زەمەنێکە وشە تێیدا مردووە.**
**ئەو ئاسمان بە ساردییەکانییەوە دەبینێ و**
**سەوزاییەکانیش بە گەرمییەکانییەوە و**
**روو لە رووخساری مێژوو لەو نیشتمانەدا بزە دەکا**
**ئاورِ لە رووداوەکان ناداتەوە**
**ئەوەی بووە رابردوو،**
**رابردووە و کاتێکیش کە بیر**
**لە رۆژانی داهاتوو دەکاتەوە**
**بیرکردنەوەی ڕاستەڕێ دەبێ و**
**چیرۆکەکانی مەینەت**
**مانەندی مێش بڵاودەبنەوە ..**
**تۆ چیت خۆشناوێ ئەی برادەر؟**

**سەرم لەوە سوڕماوە**
**کە تۆ هەموو شتێکت خۆشدەوێ !**
**خاک و هەورەکان**
**گوڵەکان و هاوەڵەکان**
**درەخت و بەرد و تۆپەڵە قوڕەکان**
**تۆ تەنانەت عەدەمیشت خۆشدەوێ**
**من دەتبینم تۆ بە سەرسوڕماوی**
**بەرانبەر ئەو رەنگانە وەستاوی**
**کە خۆشەویستیی لەنێو لەپی دەستدا کۆدەکەنەوە و**
**دەست لە پشتی هاوەڵێکی جوانت دەدەیت و دەڵێیت :نەفرەت لە زەمەن ئەی**
**برادەر نەفرەت لە زەمەن مەکە تۆ تەوەرێکی تێیدا و**
**چڕکراوەی ئازارەکانیت و**
**هەموو ئەو شتانەیش کە ناویان ناوە ئاشوب .**

**تۆ ئەی برادەر رۆژێ لە رۆژان**
**لە سیاسییەکت پرسیوە: چۆن خۆشەویستیی دەکەیت؟**
**وەڵام چییە جگە لە کوژرانی حەسەن و حوسەین؟**
**تۆ ئەی برادەر رۆژێ لە رۆژان لە ژنێکت پرسیوە :**
**چۆن خۆشەویستیی دەکەیت؟**
**یا چۆن ویستت ئاوا خۆشتویست**
**جەستە و رۆحت ئاوێتە کرد و**
**بە دوای شوێنەواری وەجددا لە گەڕانیت و**
**لە دۆڵەکانیشدا غەمگین**
**..ئەی برادەر نەکەی خۆشەویستیی لە بیر بکەی**
**نەکەی لە بارەی شتێ نەزانیت**
**کە بە هۆیەوە هەناسە دەدەین و**
**غەمبار دەبین و بگەینە شوێنێ**
**گەمژەیی بڕیار بدا پێویستە بە درێژایی ژیان**
**پاشماوەی باجەکان بدەینەوە...... .**



# کەژاڵ ئەحمەد

# وەک یەخەی دوژمن و ماچی دۆست!

کەژاڵ ئەحمەد

دەبێت وازت لێ بهێنم
وەک قوڵفی کوپێک لەقاوە
دوای ئەوەی دەزانم یەکێک،
لەپێش مندا داوای کردوویت !!!
دەبێت وازت لێ بهێنم
بەبێ خواست و ئارەزوو
وەک جێگایەک کە لێی نووسرابێ،
گیراوە
کەچی لەبەر شپرزەیی نەمبینیبێت
بەعەشقەوە لەئامێزیا دانیشتبم !
تا کەسێک دێت و پێم دەڵێت:
ئەو جێگەیە جێبهێڵە، بەرلەوەی خاوەنەکەی بگات !!

وەک جگەرە بۆ نەخۆشێک قەدەغەبێت،
تەرکت دەکەم.

وەک کەسێک لەناوەڕاستی دەریادا لەناو کەشتییەکدا بمرێت چارم نییە
دەتبەخشم بە شەپۆلەکان!!!
هەر وەک کەسێک لە بیابان
بۆ قومێک ئاو کوێربێت،
سەرابت پێ نیشاندەدەم !!!
دڕکی سوبێر دەکەم بەتاج
بەر لەوادەی لەخاچدانت
لەسەرتیەوە دەئاڵێنم !!!

وەک دەرگای ماڵان لە ئێوارەی درەنگدا ،
داتدەخەم و وەک مانگەشەو
بەتاقی ئاسمانەوە بە تەنیا داتدەنێم !
هەرگیزیش وەک بێکەس پێت ناڵێم " :
ئەی مانگ من وتۆ هەردووک هاودەردین !!!!

چارم نییە خەریکە پێت دەڵێم :
بەخێرچیت، هەڵە گەورەکەی ژیانم بەخێرچیت !!!...
سبەی دووسبەی دەیسەلمێنم کە باوت نەماوە !
وەک جلی کۆن دەتبەخشم!

لە نمایشەکەت وا دێمە دەرەوە ،
عەینەکێک دەکەمە چاوم و
دنیاکەت بە ڕەنگێکی دی دەبینم !
بەخێرچیت سەردەمی سارد و ساویلکەی
بەر لەهاتنی کۆڕۆنا بەخێرچیت

لەڕاستیشدا نامەوێت
وازوو وازت لێبهێنم .
وەک منالی ماڵە هەژار،
کە ناتوانێت تۆپ بکڕێت،
زۆرترین گۆڵ و یاریی
خۆی دەیکات
بەڵکو ماوەیەکی زیاتر
تۆپی تیپەکەی لەلابێت.
بەرت نادەم وەک یەخەی دوژمن و
ماچی دۆست .
وەک خووی شیریی لەپیریدا

وەک دەسکی دەرگای نزرگا و پیاوچاکان
وەک لەزگە ،
وەک سرێش، بە مەحاڵیتەوە دەلکێم .
حەزناکەم وازت لێ بێنم بەڵام چیبکەم
زەوی سەخت و ئاسمان دوور سەختتریشە بۆئەوەی
کە بیەوێت مرۆڤ بێت .
دەبێت وازت لێ بهێنم درەنگ یان زوو چارم نییە
هەر دەبێت پێت بڵێم : بەخێربێیت تاریکیی دەست لەیەکتربەردان بەخێربێیت.

# ئەفۆریزم



**هەڵبژاردنی: زانا خەلیل**

**درەختی غەریبیی،**
**هەر غەریبیی دەگرێت.**

•

**ژن باشتر**
**ماڵی شپرزەی ئەم گەردوونە**
**ڕێکدەخات.**

•

زەمەن بە نزیکیی و دووریی
مرۆڤەکان دەپێورێت
نەک بە کاتژمێر.
•

دەڕۆین و لە شوێنی خۆمان
نەجووڵاوین، سەیرە خۆمان
لە شوێنێک و ڕەگیشمان
لە شوێنێکی دیکەدا چەقیوە.
•

کەس نازانێت وەک دڵ
بە بێدەنگیی بشکێت.
•

ژن کە پەستبوو
بە بێدەنگیی هەموو دنیا
بەسەر پیاودا کاولدەکات.
•

بەدبەختیی مرۆڤ شتێکە
باسناکرێت.
•

لەم وڵاتە روو گرژەیا
هاوڕێم نییە
درەخت نەبێ!
•

ئەگەر لێوی تۆم بەرکەوێت
بەم هەموو زامەوە
دەمکەیت بە شمشاڵ.
•

نەخۆشی خۆشەویستیتم
خوێنی سەبر
بە جەستەم ناکەوێت.
•

پزیشکەکەم
لەسەر تەبەڵە ناوی تۆی
وەک چارەسەر بۆ نووسیبووم!
•

گۆرانی بڵێ بە وێنەی بولبولان
کە دەنگیان زۆر بەرینترە
لە قەفەسیان.
•

ژن کە تووڕە دەبێت
دوعای ڕەش دەکات!
•

هەموو کەسێک
هەموو شتێک
شەیتانێکی خۆی هەیە.
•

تۆ شەیتانی ژیانمیت
دەڕۆیت بەڵام
تا مردن لێم نابیتەوە.
•

خۆمم خەسار دەکرد
لە شوونەکردن و
خۆمیشم خەسارکرد
لە چیرۆکی شووکردندا.
•

دانیپێدا دەنێم کە من
خۆم خەسارکردووە هەزار جار
لە خۆشویستنی ناشایستەدا.
•

گەلێجار
کولەمەرگانە ژیاوم بۆ هیچ
هەر باشبوو کە نەمهێشت
بمرم بۆ هیچ.
•

مردن چییە غائیب بوونی مرۆڤ
نەبێت لە شوێن و کاتێکی نادیاردا
ژیان چییە بە تەنیا ئامادەبوون
نەبێت لە شوێن و کاتێکی دیاردا!؟
•

بێباکم وەکو بێباکیی
کە دەڵە سەگ
بە غیابیشم دەوەڕێ
وەک سنەوبەرێکی بەرزم.
•

هەنگم لەناو هەنگوینی خۆیدا
دەخنکێت، مارم بە خۆیەوە دەدات،
دارم خۆی خۆیدەڕێتەوە.
•

ناتوانم بێباکبم
بەرانبەر نیشتمانێک
کە وەک بەلوعەیەکی شکاو
نە تەواو بەردەدرێتەوە
نە توند توند دەیشگیرێتەوە.
•

لە کونی ژوورێکی بێدەنگی
عەممانیدا دادەنیشت و
تیشکی خۆریش بەبێ مۆڵەت
نەیدەتوانی بیبینێت
بەڵام هێشتا دڵنیابن
هەر شاژنی شیعری وڵاتەکەی خۆیبوو.
•

**که براکەم**
**لەگەڵ بێدەنگییەکی سەیردا**
**بۆ گەشتە ئەبەدییەکەی ڕۆیشت**
**ناو جێگاکەی بۆ ماوەی هەفتەیەک**
**بۆنی شیعری مەحمود دەروێشی لێدەهات.**

•

# بـهێڵە با بکەویت



بەرز بفڕە با بکەویت
کەوتن لە بەرزاییەوە،
چێژێکی بێوێنەی هەیە.

وەک چێژی فڕینە
لە نزمایی پڕ هەراوە
بەرەو ئاسمانێکی کپ و فراوان .

زۆر لەمێژە،
کەوتن لە بەرزاییەوە
بووە بە پیشەی ئازاکان.

## لێگەڕێ جیاواز بکەویت..
## دەکەویتە باوەشی منەوە..
## بهێڵە با بکەویت

ئەوەی هەرگیز نەکەوتووە
وایدابنێ نەژیاوە، نەشمردووە.

# دوا سەرنج:

1_لەو گۆڤارەدا نە هەڵەگریمان کردووە و نە ڕێنووسمان چاککردۆتەوە، چونکە لامان وایە بەشداربووان، نووسەری ئەزموونداری و خۆیان بەرپرسن.
2_نووسین گەمەیەکی خۆشە، ڕێك وەك قومار وایە، دەتباتە سەر دوند و لوتکە و ترۆپکی لەززەت، نانیشت پێنەمێنێ هەر حەز دەکەی لەو گەمەیەدا بەردەوام بیت، بۆ من و باهۆز ئەو گۆڤارە گەمەی تەمەنمانە.. گەمەیەکی خۆشە تا بتوانین لەززەتی لێدەبەین.

باهۆز مستەفا

**2021//07/07**